



# سەردانی ئەمجارەی بارزانی بۆ بەغدا

## دووبارە پێناسەکردنەوەی ئەو عێراقە بوو کە شایستەی پێکەوەژیان بێت

**کاتێک بۆ کابینەی دووەمی حکومەتی عێراق جارێکی دیکە مالیکی بووەوە بە سەرۆک وەزیران، ئەوا ئیدی بارودۆخی نێوان هەولێر و بەغدا چووە قۆناخێکی ناسەقامگیری ئەوتۆ کە بارزانی ناچار بوو فەرمان بە جووڵاندنی هێزی پێشمەرگە بدات، بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ جووڵەکانی فەرماندەی هێزەکانی دیجلەی سەر بە حکومەتی عێراق دابنرێت**

**لە پردێ و مەخموورەوە هەوڵیاندا هێرش بکەنە سەر هەولێر و لە تەلسقۆف و سحیلا و مەحموودیەشەوە هێرشیان کردە سەر دهۆک و زاخۆ، بەڵام لەگەڵ یەکەم بەرەنگاربوونەوەی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە لەبەرامبەریان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئەو کوردستانەی بارزانی ڕێبەرایەتی دەکات، پارووی ئەوان نییە، هەتا ئەگەر بەشێک لە خەڵکی نەفس نزم و خۆفرۆشیش هاوکارییان بکات**

لەدوای ساڵی ١٩٩٢ و بوونی کوردستان بە قەوارەیەکی دیفاکتۆ لەژێر چەتری پاراستنی نێودەوڵەتیدا، کێشەی سەرەکیی نێوان سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی ناویان لە خۆیان نابوو (ئۆپۆزسیۆنی عێراق)ی، جیاوازیی نێوان تێڕوانین و دیدوبۆچوونی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بوو بۆ عێراقی دوای بەعس و سەدام لەگەڵ تێڕوانین و بۆچوونی کۆی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی (بە عەرەبی شیعەو سوننەوە) و ماوەی زیاتر لە ١٠ساڵ دیالۆگ لەسەر ئەم دوو تێڕوانینە جیاوازە بەردەوام بوو، هەتا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ و بە چەند مانگێك پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق و لەژێر گوشارێکی گەورەی نێودەوڵەتیدا، لایەنەکانی ئۆپۆزسیونی عێراقی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا ڕێگە، ئەو ئەو سیستمە سیاسییەیە کە بارزانی جەختی لەسەر دەکاتەوە و پەرلەمانی کوردستان وەك بڕیار پەسندی کردووە، کە ئەویش پێناسەی دەوڵەتی تازەی عێراق دەکاتەوە وەك دەوڵەتێکی ( فیدراڵی، پەرلەمانی، دیموکراتی، فرەیی).

لەگەڵ ئەوەی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام، ئەم میتۆدە نوێیەی سیستمی سیاسی لە داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٥ چەسپێندرا و گەلانی عێراقیش بە ڕێژەی سەرووی ٨٠٪ دەنگیان پێ دا، بەڵام لە پرۆسەی پراکتیزەکردنی دەستوورەکە و دەرکردنی یاسای پێویست بۆ جێبەجێکردنی تەواوی ماددەکانی دەستوور، قەناعەتی عەرەبی شیعە و سوننە گۆڕانکاری بەسەردا هات، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی دەستوورەکە چوارچێوەیەکی تازە بوو بۆ پێناسەکردنەوەی دەوڵەتی عێراقی نوێ، بەڵام لەبەر ئەوەی شۆڤێنییەتی عەرەبی دژی کوردستان زاڵ بوو بە سەر ململانێی مەزهەبگەرایی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە، ئەوا کاتێك باس دەهاتە سەر جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییانەی پەیوەندیان بە ماف و خاك و شایستەییەکانی گەلی کوردستان هەیە، ئەوا لەناو پەرلەمان لایەنی عەرەبی دەبوونە زۆرینە و، فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش هیچیان پێ نەدەکرا.

بارزانی هەر لە دوای کۆنگرەی لەندەنەوە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ ئەو قەناعەتەی هەبوو کە لایەنی عەرەبی (شیعە و سوننە) هەتا دەگەنە دەسەڵات و جێ پێی خۆیان قایم دەکەن، بە دەستوورەکە پابەند دەبن و دوای ئەوە دەگەڕێنەوە سەر هەمان شێوازی مامەڵەی کۆنی شۆڤێنیی عەرەبیی خۆیان لەگەڵ کوردستاندا، هەر بۆیە پێشوەختە، هەر لەسەر ئاستی دیراسەت و لێکۆڵینەوە بۆ ئەگەر و بژارەکانی کوردستان، لەکاتی پەشیمانبوونەوەی لایەنی عەرەبی لە جێبەجێکردنی دەستوورەکە، تیمێکی ئەکادیمی و پسپۆڕی نێودەوڵەتی ڕاسپارد کە دیراسەتی ئەم پرسە بکەن و هەموو ئەگەر و بژارەکان بۆ ئایندەی کوردستان لەناو عێراقدا لەبەرچاو بگرن، هەروەها لەسەر ئاستی سەربازییش بۆ بەرگریکردن لە مافی خەڵکی کوردستان، پێداگری لەسەر مانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بەرگری لە خاکی کوردستان بکات. لەسەر ئاستی پرۆسەی بەشداریی سیاسیی عێراقیش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە لایەنی کوردستانی بەشدارییەکی کارای هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لایەنی عەرەبیی عێراق بگەیەنێتە قەناعەت بۆ ئەوەی دەستوورەکە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت.

بەداخەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ کە بەپێی ئەو دەستوورە یەکەمین کابینەی حکومەت لەلایەن شیعەی عێراقەوە پێکهێنرا، هەر لە سەرەتاوە و لە یەکەمین ئەزمووندا کە د.ئیبراهیم جەعفەری سەرۆك وەزیران بوو، هەنگاوەکان دژی کوردستان دەستیان پێکرد، بۆیە لایەنی کوردستانی پێداگری لە سەر ئەوە کرد، کە دەبێت ناوبراو دەست لەکار بکێشێتەوە، یان لایەنی کوردستانی لە پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکشێتەوە و ئەم پرسە ڕووبەڕووی گەلی کوردستان دەکاتەوە بۆ ئەوەی خۆی بڕیاری خۆی بدات، بۆیە لایەنی شیعە ناچار بوون د.جەعفەری لابەرن و نوری مالیکی جێگەی ئەوی گرتەوە. بەڵام بە هاتنی ئەویش، ڕاستە دەموچاوەکە گۆڕا، بەڵام ئەقڵییەتەکە هەر هەمان ئەقڵییەتی سەرۆك وەزیرانی پێشوو بوو، هەر بۆیە ئەمجارەش سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بڕیاری دا ئەو بەندە دەستوورییانەی مافی کوردستان لە


بوارەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان زامن دەکات، لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بکرێنە یاسا و، بۆ ئەوەی ژێرخانێکی ئەوتۆی ئابووری لە کوردستان دروست بکرێت، لە کاتێکدا ئەگەر بەغدا پەنای بۆ سەپاندنی گەمارۆی ئابووری برد، بۆ ئەوەی کوردستان ناچاری ملکەچبوون بکات، کوردستان نەکەوێت و لەسەر پێی خۆی بمێنێتەوە.

لەماوەی کابینەی یەکەمی نوری مالیکی هەر چۆنێك بوو، هەرێمی کوردستان توانی مامەڵەیەکی ناجێگر و ناسەقامگیر لەگەڵ بەغدا بکات، بەڵام کاتێك بۆ کابینەی دووەمی حکومەتی عێراق جارێکی دیکە مالیکی بووەوە بە سەرۆك وەزیران، ئەوا ئیدی بارودۆخی نێوان هەولێر و بەغدا چووە قۆناخێکی ناسەقامگیری ئەوتۆ کە بارزانی ناچار بوو فەرمان بە جووڵاندنی هێزی پێشمەرگە بدات، بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ جووڵەکانی فەرماندەی هێزەکانی دیجلەی سەر بە حکومەتی عێراق دابنرێت، لایەنی شیعە ئەو کات لەوە دڵنیابوون کە ناتوانن بە زەبری هێز رووبەڕووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ببنەوە، بۆیە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ بە بیانووی ئەوەی نەوتی کوردستان گەیشتۆتە قۆناخی بەرهەمهێنان، بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستانیان بڕی و دوای چەند مانگێکیش رێکخراوی تیرۆریستیی داعش موسڵی داگیرکرد و خەلافەتی ئیسلامی راگەیاند، بۆیە بارودۆخێك هاتە پێشەوە کە ئەو زەمینەیەی تێدا نەما، باس لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بکرێت، بۆیە لەگەڵ لایەنی کوردستانی لەسەر ئەو بنەمایە بەشداری لە حکومەتەکەی د.حەیدەر عەبادی کرد، ئەگەر هەر لایەنێك بەو پرۆژەی یاسای بودجەیەوە پابەند نەبێت کە بۆ ساڵی ٢٠١٥ پەسەند دەکرێت، ئەوا هەردوولا مافی ئەوەیان هەیە پابەندبوونەکانی خۆیان جێبەجێ نەکەن، لەسەر ئەم بنەمایە لەماوەی سێ ساڵی شەڕی دژی داعشدا، هەرێمی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ حکومەتی بەغدا کرد، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش، تێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و دەسەڵاتدارانی شیعە دروست ببێت، بۆ چۆنیەتی پەیوەندییەکانی کوردستان و عێراق لە داهاتوودا. بۆ ئەمەش سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە رێبەرایەتیی بارزانی دوای تەواوبوونی شەڕی دژی داعش لە کوردستان کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ خەڵکی کوردستان و ئەوان شێوازی ئەو پەیوەندیە دیاری بکەن کە پێویستە لە ئایندەدا لەنێوان کوردستان و عێراق هەبێت، بۆ ئەمەش رۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دیاریکرا، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە ئازادانە رای خۆی بڵێت و سەرەنجامیش وەك هەموو جیهان بینی خەڵکی کوردستان بە رێژەی ٩٢,٧٪ دەنگی بۆ سەربەخۆیی دا، ئەم دەنگدانە بۆ سەربەخۆیی، دوای دەنگدانی هەمان رێژە و زیاتریشە بە دەستووری عێراق، بەو ئامانجەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدڕاڵی بونیاد بنرێتەوە، هەر بۆیە کاتێك خەڵکی کوردستان لە بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدڕاڵی نائومید بوو، ئەوا بێجگە لە سەربەخۆیی رێگە چارەی دیکەی نییە، لەم چوارچێوەیەدا ریفراندۆم ئەو پەیامەی بە جیهان دا: ئەگەر دەوڵەتی عێراق نەبێتە دەوڵەتێکی فیدڕاڵیی ئەوتۆ کە شایستەی پێکەوە ژیان بێت، ئەوا رێگە چارەی دیکە تەنیا سەربەخۆییە و ئەم دەنگدانەش بۆ ئەوەی دیالۆگ و دانوستاندن لەنێوان کوردستان و عێراق دەست پێ بکات، بەوەی ئایا دەتوانن جارێکی دیکە هەنگاو هەڵبگرن بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و پەرلەمانی و فرەیی و دیموکراتی، کە شایستەی پێکەوە ژیان بێت، یان ئەگەر ناتوانن، ئەوا لە بری ئەوەی شەڕ بکەین، باشترە بە دیالۆگ لە یەکتری جیاببینەوە.

بەڵام بەداخەوە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم، حکومەتی بەغدا لە بری ئەوەی بە دوای میکانیزم و رێگەچارەیەك بگەڕێت بۆ ئەوەی بە زمانی ئاشتی و دیالۆگ تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ قۆناخی دوای ریفراندم لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروست بکات، ئەو بارودۆخە نێودەوڵەتییە شڵەژاوەی بە دەرفەت وەرگرت و بە رێگەی پەنابردن بۆ تابووری پێنجەم کە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەریان دروست

**سەردانی ئەمجارەی بارزانی بۆ بەغدا ئەو پەیامەی بە لایەنە سیاسییەکانی عێراق و جیهانیش گەیاند، کە فرسەتێکی نوێ بۆ بونیادنانەوەی عێراق هاتۆتە پێش و گەلی کوردستان ئامادەیە پشتگیری لەم دەرفەتە نوێیە بکات، بۆ ئەوەی دووبارە پێناسەکردنەوەی ئەو عێراقە بکات کە شایستەی پێکەوە ژیان بێت**

**ئەو ناوەندە فیکرییانەی کار لەسەر (بەڕێوەبردنی تەنگژە و وەرچەرخانی تەنگژە و چارەسەرکردنیان) دەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کێشە دێرین و ئاڵۆزە مێژووییە نەتەوەیی و ئیتنییەکان تەنیا بە رێککەوتنی نێوان لایەنە پێکناکۆکەکان کۆتایی نایەت، بەڵکو پێویستی بە وەرچەرخانێکی فیکری لەسەر ئاستی سیاسی و جەماوەری هەیە**



**سەرکردە سیاسییەکانی شیعە کە مەبەستیانە حوکمڕانیی عێراق بکەن، زۆر باش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر ئەو زۆنگاوەی خۆیان بۆ خۆیانیان دروست کردووە، دوای هێرشکردنەوەیان بۆ سەر کوردستان، بەشێوازێکی ئاشتییانە چارەسەرێکی بۆ نەدۆزنەوە، ئەوا بەردەوام پاراستنی ئەو ناوچانە لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوەی ئابووریی عێراق تووشی نەزیفێکی بەردەوام بێت**

کرد، هێرشی کردەوە سەر کوردستان و هەوڵیدا وەك بیانوویەك بەکاری بهێنێت بۆ ئەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بسڕێتەوە. لەم واقیعە سەخت و تاڵەدا بارزانی نەك هەر چۆکی دانەدا، بەڵکو بە جیهانی ڕاگەیاند، ئەگەر هەموو جیهانیش دوژمنمان بێت، ئەوا دۆستێکی دێرینەمان هەیە کە قەت خیانەتمان لێ ناکات، ئەویش چیاکانی کوردستانە.

دیارە جیهان زووتر لە پەیامەکەی بارزانی تێگەیشت، وەك لە حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی، کە لە پردێ و مەخمورەوە هەوڵیاندا هێرش بکەنە سەر هەولێر و لە تەلسقوف و سحێلا و مەحمودیەشەوە هێرشیان کردە سەر دهۆك و زاخۆ، بەڵام لەگەڵ یەکەم بەرەنگاربوونەوەی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە لەبەرامبەریان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئەو کوردستانەی بارزانی ڕێبەرایەتی دەکات، پاروی ئەوان نییە، هەتا ئەگەر بەشێك لە خەڵکی نەفس نزم و خۆفرۆشیش هاوکارییان بکات. بۆیە دوای ماوەیەکی کەم گەیشتنە ئەو قەناعەتەی دەبێت لەگەڵ کوردستان دەست بە دیالۆگ بکەن و لە میانەی ئەم پرۆسەیەشدا لە ماوەی کەمتر لە پێنج مانگدا توانرا شێوازێك لە پەیوەندی لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بونیاد بنرێتەوە و پەیوەندیی ئایندەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداش ببێتە کارنامەی ئەو حکومەتەی کە لە دوای هەڵبژاردنەکان پەرلەمانی عێراق پێکدەهێنرێتەوە.

لە ماوەی دوای هەڵبژاردنەکانی ئایاری ڕابردوو هەتا ئۆکتۆبەری ۲۰۱۸ کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداریی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی کرد، شاندی پارتی بەردەوام جەختی لەسەر بەرنامەی حکومەتی داهاتووی عێراق کردۆتەوە و سەرەنجامیش دوای ئەوەی بارزانی بەرنامەی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی پەسند کرد، جیا لەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر ئەکتیفانە بەشداریی حکومەتی کرد، لە هەمانکاتیشدا بارزانی پشتگیریی تەواوی گەلی کوردستانی بۆ حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی پیشان دا، بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ بکات.



لەم چوارچێوەیەدا سەردانی ئەمجارەی بارزانی بۆ بەغدا ئەو پەیامەی بە لایەنە سیاسییەکانی عێراق و جیهانیش گەیاند، کە فرسەتێکی نوێ بۆ بونیادنانەوەی عێراق هاتۆتەپێش و گەلی کوردستان ئامادەیە پشتگیری لەم دەرفەتە نوێیە بکات، بۆ ئەوەی دووبارە پێناسەکردنەوەی ئەو عێراقە بکات کە شایستەی پێکەوە ژیان بێت.

**● دروستبوونی وەرچەرخان لە بیرکردنەوەی عەرەبی عێراق کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێن**

ئەو ناوەندە فیکرییانەی کار لەسەر (بەڕێوەبردنی تەنگژە و وەرچەرخانی تەنگژە و چارەسەرکردنیان) دەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کێشە دێرین و ئاڵۆزە مێژووییە نەتەوەیی و ئیتنییەکان تەنیا بە ڕێککەوتنی نێوان لایەنە پێکناکۆکەکان کۆتایی نایەت، بەڵکو پێویستی بە وەرچەرخانێکی فیکری لەسەر ئاستی سیاسی و جەماوەری هەیە، ئەمەش بەو مانایەی، واتە هەم دەبێت سەرکردە و لایەنە سیاسییەکانی نەتەوەی سەردەست و هەمیش لەسەر ئاستی جەماوەری نەتەوەی سەردەست، ئەو وەرچەرخانە بەو جۆرە بێت کە چیدیکە شەڕ و کوشتار چارەسەری کێشەکان ناکات و تەنیا چارەسەر ئەوەیە بە زمانی ئاشتی و دیالۆگ و بە ڕێزگرتنی مافی پێکهاتەکان کێشەکان چارەسەر بکرێت.

لەسەردانی ئەمجارەی بارزانی بۆ بەغدا، بە راشکاوی ئەوە دەخوێندرایەوە کە هەم لەسەر ئاستی سەرکردە سیاسییەکانی عەرەبی شیعە و سوننە، هەمیش لەسەر ئاستی جەماوەری شەقامی سیاسیی عەرەبی عێراقی، ئەو وەرچەرخانە هەستی پێدەکرا، بەتایبەتی کە هەموو سەرکردەکانی شیعە بە عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانیشەوە، جیا لەو پێشوازییە گەرمەی لە بارزانی و شاندەکەیان کرد، لە هەمانکاتدا ئەم سەردانەیان بە «مێژوویی و پیرۆز» وەسفکرد، لەمەش زیاتر سەرۆك وەزیران عادل عەبدولمەهدی لە میانەی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی لەگەڵ بارزانی رایگەیاند، وا ڕێککەوتووین کە بە ناوی (ئەبو هاشم و ئەبو مسرور) لەگەڵ یەکتری قسە

**لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی کارەکانی حکومەتی عێراق و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ بەشە عەرەبییەکەی عێراق، سیاسەتی هەڵەی حکومەتەکانی عێراق لە ٢٠٠٥ تا ٢٠١٨ بە جۆرێک خەرجیی سەرەریی زیاد کردووە، کە دەتوانین بڵێین ٤٠٪ی کۆی داهاتی عێراق (کە ئەم رێژەیە دەگاتە نزیکەی ٣٥-٤٥ ترلیۆن دۆلار)ی بۆ تەرخان کراوە**



**ئەگەر ئاشتی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق بچەسپێنرێت و لانیکەم خەرجیی سەرووەریی کەم بکرێتەوە بۆ ٢٠-٢٥٪ ئەوا ئەم کەمکردنەوەیە پارەیەکی ئەوتۆ دەگێڕێتەوە کە لە ماوەی کەمتر لە چوارساڵدا تەواوی ژێرخان و رووخانی خزمەتگوزارییەکان لە پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق راست بکرێتەوە**

بکەین، کە ئاماژەیە بۆ ئەوپەڕی دۆستایەتی و نییەتپاکی. هەروەها مانای ئەوەیە بارزانی تەنیا بۆ ئەوە نەهاتووە بۆ بەغدا کە دوای مافەکانی گەلی کوردستان بکات، بەڵکو ئەم هاتنەی وەك فریادڕەسێکە بۆ ئەوەی بیروبۆچوونەکانی ببنە نەخشەی رێگە بۆ قوتارکردنی عێراق لەو تەنگژەیەی ئێستا تێی کەوتووە .

لەسەر ئاستی شەقامی عەرەبیی عێراقیش کە بە شێوەیەکی خۆڕسکانە و لە رێگەی میدیاکانەوە پرسیار لە خەڵکی ئاسایی دەکرا، سەبارەت بەم سەردانەی بارزانی بۆ بەغدا، هەموویان لە ناخەوە پێشوازییان لەم سەردانە دەکرد و ئومێدیان دەخواست ئەم سەردانە ببێتە بنەمایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و، ببێتە بنەمای ئاشتەوایی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، لەمەش زیاتر نە لەسەر ئاستی سەرکردە سیاسییەکان و لە نە لەسەر ئاستی شەقامی جەماوەریی عەرەبی ئەو رق و کینە شۆڤینییە هەستی پێ نەدەکرا کە پێشتر سەیری کوردی پێ دەکرا.

ئەم وەرچەرخانەی لە بیرکردنەوەی ئەقڵی عەرەبی عێراق لەمجارەدا هەستی پێ دەکرا، بەرەنجامی وەرچەرخانێکی ئارەزوومەندانە نییە، یان شێوازی بیرکردنەوەیان بەو جۆرە گۆڕا بێت، کە پێویستە وەك نەتەوەی سەردەست رێز لە مافی پێکهاتە و نەتەوەکانی بەرامبەریان بگرن، بەپێچەوانەوە ئەو شێوازە کۆنەی کە پێشتر بە ئەقڵییەتێکی شۆڤێنی سەیری کورد و کێشەی گەلی کوردستانیان پێ دەکرد، بۆتە هۆکاری ئەوەی زەمینەیەك بێتە ئاراوە کە دەتوانین بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێ بکەین:

١. لەسەر ئاستی سەرکردە سیاسییەکانی شیعە کە مەبەستیانە حوکمڕانیی عێراق بکەن، زۆر باش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر ئەو زۆنگاوەی خۆیان بۆ خۆیانیان دروست کردەوە، دوای هێرشکردنەوەیان بۆ سەر کوردستان، بەشێوازێکی ئاشتییانە چارەسەرێکی بۆ نەدۆزنەوە، ئەوا بەردەوام پاراستنی ئەو ناوچانە لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوەی ئابووریی عێراق تووشی نەزیفێکی بەردەوام بێت، بەڵام ئەگەر لەگەڵ هەرێمی کوردستان کێشەیان نەبێت، ئەو ناوچانە ئەگەر بە هاوبەشیش



لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە بیرێن، ئەوا سەقامگیرییەکی باش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچانە و ئابووریی عێراقیش بەرەو سەقامگیری هەنگاو هەڵدەگرێت.

٢. لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی کارەکانی حکومەتی عێراق و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ بەشە عەرەبییەکەی عێراق، سیاسەتی هەڵەی حکومەتەکانی عێراق لە ٢٠٠٥ تا ٢٠١٨ بە جۆرێك خەرجیی سەروەریی زیاد کردووە، کە دەتوانین بڵێین ٤٠٪ی کۆی داهاتی عێراق (کە ئەم ریژەیە دەگاتە نزیکەی ٣٥-٤٥ ترلیۆن دۆلار)ی بۆ تەرخان کراوە، هەر بۆیە ئەگەر ئاشتی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق بچەسپێنرێت و لانیکەم خەرجیی سەروەریی کەم بکرێتەوە بۆ ٢٠-٢٥٪ ئەوا ئەم کەمکردنەوەیە پارەیەکی ئەوتۆ دەگێڕێتەوە کە لە ماوەی کەمتر لە چوارساڵدا تەواوی ژێرخان و رووخانی خزمەتگوزارییەکان لە پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق راست بکرێتەوە.

٣. لەسەر ئاستی گوزەرانی خەڵك و هەلی کار، ئەو شێوازەی کە لەدوای ٢٠٠٥ەوە حکومەتەکانی عێراق پەیڕەویان کردووە، بۆتە هۆکاری ئەوەی ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بوونی نەمێنێت و زەمینەیەك دروست بووە کە نە وەبەرهێنەری بیانی روودەکاتە ئەو ناوچانە بۆ ئەوەی وەبەرهێنان بکات، نە وەبەرهێنەری ناوخۆش دڵنیایی ئەوەندەی هەیە کە پارەی خۆی لەو ناوچانە وەبەرهێنانی پێ بکات، تەنانەت بەشێك لە سەرکردەکانی عەرەبی شیعە و سوننە کە خۆیان پارەدارن لە وڵاتانی دراوسێ وەبەرهێنایان کردووە، نەك لەناو عێراقدا، بۆیە ئەم بارودۆخە ناسەقامگیرە لەسەر ئاستی ئاشتیی کۆمەڵایەتی وایکردووە کە زەمینەی دروستبوونی هەلی کار لە شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بە ئاستێك کەم بۆتەوە کە بەشی هەرە زۆری هاووڵاتیان روویان لە کەرتی حکومەت کردووە، بەمەش بارگرانییەکی هێجگار گەورە لە سەر حکومەت دروست بووەو زەمینەی بۆ گەندەڵییەکی ئەوتۆ خۆش کردووە کە ئێستا گەندەڵکارەکانیش ناتوانن نکۆڵی لێ بکەن.

٤. لەسەر ئاستی دڵەراوکێ و نادڵنیایی خەڵك، بەتایبەتی لەناو ماڵی شیعەی عەرەبی

**لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی کە حکومەتی عێراق و لایەنە سیاسییە عەرەبەکانی شیعە و سوننەی تێدایە، کاتێک دەبینن سیاسەت و لۆژیکی بارزانی بە جۆرێک لەسەر حوکمڕانی و ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان (کە خۆمان تا رادەیەک لێی رازی نین) رەنگدانەوەی هەیە، ئەوانی تووشی سەرسوڕمان کردووە**



**هەرێمی کوردستان بە رابەرایەتیی بارزانی هەموو کات ئەو لایەنە بووە کە بەشێک بووە لە چارەسەری کێشەکان، لەبەرامبەریشدا حوکمڕانانی عێراق ئەو لایەنە بوون کە بەشێک بوون لە دروستکردنی کێشە و دروستکردنی تەنگژەی دیکە بۆ ڕێگرتن لە چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکان**

عێراقدا، بە جۆرێك دڵەڕاوکێ و نادڵنیایی و بێ متمانەیی بە لایەنە سیاسییەکانی شیعە دروست بووە، ئەوا ئەگەر پەنا بۆ هەر شەڕێکی دیکە ببەن و چەند تەرمێك بە کوژراوی بگەڕێتەوە بۆ گۆڕستانی نەجەف، ئەوا تێکڕا شەقامی عەرەبیی شیعە دژی سەرکردە سیاسییەکان دەڕژێنە سەر شەقام، هەروەك چۆن دوای ئەوەی شەڕی داعش کۆتایی هات و ژمارەیەك لە هێزەکانی حەشدی شەعبی کەوتنە بۆسەیەکی چەکدارانی داعشەوە و، لەکاتی بە خاکسپاردنی ئەو کوژراوانە بە راشکاوی رایانگەیاند کە رێگە نادەن یەك بەرپرسی سیاسی بەشداری پرسەکەیان بکات.

لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی کە حکومەتی عێراق و لایەنە سیاسییە عەرەبەکانی شیعە و سوننەی تێدایە، کاتێك دەبینن سیاسەت و لۆژیکی بارزانی بە جۆرێك لەسەر حوکمڕانی و ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان (کە خۆمان تا رادەیەك لێی رازی نین) رەنگدانەوەی هەیە، ئەوانی تووشی سەرسوڕمان کردووە، لە هەمانکاتدا هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی ماوەی چوار ساڵ زیاترە بەشە بودجە و مووچەی بڕاوە، بەڵام هێشتا هەر لەسەر پێی خۆی راوەستاوە و نەکەوتووە و بە جۆرێك ژێرخانی ئابووریی خۆی رێکخستۆتەوە کە توانیویەتی بە شێوەیەك لە شێوەکان کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە بەرێت، ئەمەش بە جۆرێك بارسووکی لەسەر حکومەتی ناوەند دروست کردووە، تەنانەت ئەگەر ١٧٪ داهاتی عێراقیش وەك پشکی هەرێمی کوردستان بدات، ئەوا ریژەی ٥٠-٦٠ ٪ ئەو داهاتە لە کوردستان دابین دەکرێت و تەنیا ٤٠-٥٠٪ ئەو داهاتە رەوانەی کوردستان دەکات و ساڵ لەدوای ساڵیش داهاتی کوردستان بە شێوەیەك زیاد دەکات کە لەوانەیە لەچەند ساڵی داهاتوودا کوردستان بتوانێت خۆی داهاتی خۆی دابین بکات و هیچ بارقورسییەك بۆ حکومەتی عێراق دروست نەکات.

لەم چوارچێوەیەدا هەرێمی کوردستان بە ناوچە کوردستانییە دابڕاوەکانیشەوە، کێشەکانیان هاوشێوەی پارێزگا سوننە و شیعەنشینەکانی عێراق نییە کە نەتوانرێت کێشەکانیان پێ چارەسەر بکرێت، بەڵکو کوردستان لە ماوەی ٢٦ ساڵی رابردوو بۆتە خاوەنی ئەزموونێکی ئەوتۆی حوکمڕانی کە دەتوانێت شێوازی بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی کێشەکان بە باشی دیاری بکات، پێویستیشی بەوە نییە حکومەتی



ناوەندی هاوکاری بکات و چاویشی لەوە نییە کە کێشە بۆ عەرەبی سوننە، یان شیعە دروست بکات.

لەسەر ئەم بنەمایە هەرێمی کوردستان بە رابەرایەتیی بارزانی هەموو کات ئەو لایەنە بووە کە بەشێك بووە لە چارەسەری کێشەکان، لەبەرامبەریشدا حوکمڕانانی عێراق ئەو لایەنە بوون کە بەشێك بوون لە دروستکردنی کێشە و دروستکردنی تەنگژەی دیکە بۆ ڕێگرتن لە چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکان، بۆیە حوکمڕانانی عێراق ئێستا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی، ئاراستەی هەرێمی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی بارزانی ئاراستەیەکی راست و دروستە بۆ بەرژەوەندیی خەڵك و وڵات، بۆیە پێویستیان بە بارزانی هەیە بۆ ئەوەی هاوکاریان بێت لە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو بارودۆخە خراپەی کە تێی کەوتوون.

جیاوازیی سەردانی ئەمجارەی بارزانی بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، لەگەڵ سەردان و هەوڵەکانی پێشتری بۆ ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی و دەستپێکی حوکمڕانیی باش لە عێراقدا ئەوەیە، جارانی پێشتر لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عێراق بە گومانەوە سەیری نەخشەڕێگە و هەوڵەکانی بارزانی-یان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەکرد، بەڵام ئەمجارەیان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ناچارن سوود لە هاوکاریی بارزانی وەربگرن، هەر بۆیە هەموو سەرکردە دیارەکانی عێراق وەك (هادی عامری، موقتەدا سەدر، نوری مالیکی، عەمار حەکیم و.. هتد)، سەردانی ئەمجارەی بارزانی بە (مێژوویی و پیرۆز) وەسف دەکەن. ئەگەر یادەوەریمان هاوکاریمان بکات لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوودا هەتا ئێستا، لایەنە شیعەکانی عێراق بۆ سەردانی هیچ سەرۆك دەوڵەت و سەرۆك وەزیرانێکی عەرەبی، یان بیانی دەستەواژەی سەردانی (مێژوویی و پیرۆزیان) بەکار نەهێناوە.

لێرەوە دەکرێت بە ئومێدەوە چاوەڕێی ئاکامی سەردانی ئەمجارەی بارزانی بۆ بەغدا بکەین و لەوە دڵنیا بین کە ئەم سەردانە نەك هەر دەروازەیەکی خێر بە رووی کوردستاندا دەکاتەوە، بەڵکو دەروازەیەکی خێر بە رووی هەموو عێراقدا دەکاتەوە، ئەگەر سەرکردە سیاسیەکانی عەرەبی شیعە و سوننە مەبەستیان بێت لەسەر نەخشە ڕێگەکەی بارزانی بڕۆن و سوودی لێ وەربگرن.

**حوکمڕانانی عێراق ئێستا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی، ئاراستەی هەرێمی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی بارزانی ئاراستەیەکی راست و دروستە بۆ بەرژەوەندیی خەڵک و وڵات، بۆیە پێویستیان بە بارزانی هەیە بۆ ئەوەی هاوکاریان بێت لە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو بارودۆخە خراپەی کە تێی کەوتوون**



شوان محەمەد تەها

بەرپرسی لقی ٥ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بۆ گوڵان:

# سەردانەکەی بارزانی لە کاتێکی گونجاو و بۆ ئامانجێکی گەورە ئەنجام درا

**سەردانەکەی سەرۆك مسعود بارزانی و شاندی یاوەری بۆ بەغدا، ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت ببێتە دەروازەی خستنەگەڕی هەوڵ و کۆششی جددی بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەکان و خاوکردنەوەی کێشەکان، هەروەها ئەو راستییەی دوپات کردەوە کە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی بارزانی هەیە. گرنگی و بایەخ و دەنگدانەوە و ئاکامەکانی ئەم سەردانە بوونە تەوەری گفتوگۆیەکی گوڵان لەگەڵ شوان تەها بەرپرسی لقی ٥ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا.**

*** سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ بەغدا بووە چەقی بایەخپێدانی هەموو لایەنەکان و دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێکەوتەوە، ئێوە چۆن لە گرنگیی ئەم سەردانە دەڕوانن؟**

- لە راستیدا گرنگی ئەم سەردانە لەوەدا بوو کە لە کاتێکی گونجاو و بۆ ئەنجامدانی کار و ئەرکێکی گونجاو و ئامانجێکی گەورە ئەنجام درا. دواتر ئێمە دەزانین ئەم سەردانە لە هەلومەرجێکدا روویدا کە ناوچەکە بە گشتی و عێراق بەتایبەتی بە قۆناغێکی سەخت و هەستیاردا تێدەپەڕێت، هەروەها ئەوەی ئێمە گوێبیستی بووین لە سەرکردە عەرەبە شیعەکان ئەوەیە کە ئەوان پێیانوایە تەنیا سەردانەکە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی هێورکردنەوەی

زۆربەی کێشەکان و ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی دانوستاندن و لێك نزیکبوونەوەی زیاتر ڕوودات بۆ ئەوەی کێشەکان بە یەکجاری چارەسەر بکرێن. هەروەها ئەوان زۆر بە ئیجابییەوە لە تێڕوانینەکانی بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەڕوانن. لە هەمان کاتدا زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەو شێوەیە باسی بارزانی-یان کرد کە بریتییە لە پیاوی ڕێککەوتنەکان لە سەروەختی ناکۆکییەکاندا (رجل الاتفاق فی زمن الاختلاف). کەواتە ئەم سەردانە لەنێو شەقامی عەرەبیدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، هەروەها لە نێو سوننە و شیعەکانیشدا زۆر بەرز نرخاندیان. چونکە سوننەکان پێیانوابوو دووریی بەڕێز مسعود بارزانی لە بەغدا، دەبێتە هۆی ئەوەی پێگەی ئەوان بە شڵەژاوی بمێنێتەوە. هەروەها بەڕێزان عادل عەبدولمەهدی، نوری ئەل مالیکی، هادی عامری و عەممار حەکیم و محمەد حەلبوسی هەموویان ڕایانگەیاند ئەمە سەردانێکی گرنگ بووە و بە هەندی وردەگرین و تەنانەت داوایان لێکرد لە داهاتوودا درێژە بە سەردانانەکانی بدات، بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە کاری زیاتر لەسەر کێشەکان بکەن. بە هەمان شێوە جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە عێراق پێویستی بە کەسایەتییە ژیر و هۆشیارەکان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت کێشەکانی چارەسەر بکات. تەنانەت بەڕێزان نوری مالیکی و عادل عەبدلمەهدی و عەممار حەکیم بە ئاشکرا ڕایانگەیاند پێویستمان بە بارزانی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. چونکە کێشەکانی عێراق گەورەن و لە ڕاستیدا کێشەکان بە بنبەست گەیشتوون. واتە ئەوان بەم گرنگییەوە لە پێگەی بارزانی دەڕوانن. ڕاستە هەندێ کەس و لایەن ویستیان لە بایەخی سەردانەکەی کەم بکەنەوە، بەڵام هەڵمەتی ڕاگەیاندنەکەی نێو شەقامی عەرەبی بە چەشنێك بوو کە زۆر بە ئیجابی مامەڵە لەگەڵ ئەم سەردانەی بارزانی بۆ بەغدا کرا. دواتر بارزانی بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە عادل عەبدولمەهدی کەسێکی گونجاو و لێوەشاوەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی ئیجابی مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا بکات. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە ڕەنگە پەرلەمانی ئەمجارە باشتر بتوانێت ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت، بە پێچەوانەی پەرلەمانی خولی سێیەم کە خۆی لایەنێك بوو لە کێشەکان. لێرەدا دەمەوێت دووپاتی بکەمەوە کە هەندێ لە سیاسەتمەدارەکان زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی ڕایانگەیاند کە ئێمە جارێ هیچ لێدوانێك نادەین، بەڵام لە ناخەوە دەزانین بە هاتنی بارزانی دۆخەکە لە بەغدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بۆ نموونە لە سەردانەکەی بۆ ماڵی ساڵح موتڵەگ و لە سەردانەکەی بۆ لای حەلبوسی، ئەوان ڕایانگەیاند کە هاتنی بارزانی گەشبینی بە ئێمە بەخشی و هیوامان لا دروست بووە کە کێشەکان قابیلی چارەسەرکردنن.

*** بەڵام هەندێ لایەن ئاماژەیان بەوە کرد کە ڕێککەوتنی سیاسی کراوە لە میانەی ئەم سەردانەدا، ڕوونکردنەوەت لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ ڕێککەوتنێکی سیاسی نەکردووە، بەڵکو تەنیا بە شێوەیەکی عاقڵانە مامەڵە لەگەڵ کۆی کێشەکان دەکات، چونکە پارتی خۆی هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە پارتی خاوەنی دۆزێکە و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەکان دەکات.

*** ئەی سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ شاری نەجەف چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- ئێمە دەزانین پێشتر سەماحەتی موقتەدا ئەل سەدر سەردانی کوردستانی کردبوو، واتە ئەمە لە پای ئەو سەردانەدا بوو، بۆچوونەکانی بەڕێز سەدریش ڕوون و ئاشکرایە کە پێیوایە هاتنی سەرۆك بارزانی هاوکارە بۆ ئەو کەسانەی کە خوازیاری ئەوەن دۆخی عێراق چارەسەر بکەن. واتە بەو شێوەیە لە بارزانی دەڕوانن کە دەتوانێت هاوکار بێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و دەربازکردنی عێراق لەو قەیرانە سیاسی، ئابووری و داراییەی بە دەستیەوە دەناڵێنێت. ئەگەرچی وردەکاری کێشەکان بۆ لیژنە پەرلەمانی و حکوومییەکان و لیژنە تایبەتمەندەکان جێ دەهێڵن. چونکە بارزانی وەك خاوەن دۆزێك سەردانەکەی ئەنجامدا و بەو شێوەیەی مامەڵەی دەکرد و ئەوەی دەخستەڕوو کە ئەگەر ئیرادە هەبێت، ئەوا کێشەکان چارەسەر دەبن، بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە ئەگەر سیستمی حوکمڕانی لە عێراق گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، کێشەکان چارەسەر ناکرێن، چونکە کێشەی عێراق کێشەی سیستمی حوکمڕانییە و سرووشتێکی سیاسی هەیە. ئەمەش بۆچوونێکی ڕاست و دروستە، چونکە بەهۆی ئەوەی سیستمی حکومڕانی عێراق سیستمێکی ناتەندروستە، ئەوا ئێمە کێشەی کەرکووك و نەوت و بودجەمان لەگەڵ حکومەتی عێراق هەیە.

**زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەو شێوەیە باسی بارزانی-یان کرد کە بریتییە لە پیاوی ڕێککەوتنەکان لە سەروەختی ناکۆکییەکاندا (رجل الاتفاق فی زمن الاختلاف)**

**سوننەکان پێیانوابوو دووریی بەڕێز مسعود بارزانی لە بەغدا، دەبێتە هۆی ئەوەی پێگەی ئەوان بە شڵەژاوی بمێنێتەوە. هەروەها بەڕێزان عادل عەبدولمەهدی، نوری ئەل مالیکی، هادی عامری و عەممار حەکیم و محمەد حەلبوسی هەموویان ڕایانگەیاند ئەمە سەردانێکی گرنگ بووە و بە هەندی وردەگرین**

**بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە ئەگەر سیستمی حوکمڕانی لە عێراق گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، کێشەکان چارەسەر ناکرێن، چونکە کێشەی عێراق کێشەی سیستمی حوکمڕانییە و سرووشتێکی سیاسی هەیە**

# ڕەوشی ئایینی لە کوردستاندا

کوردستان کەوتۆتە چەقی ناوچەیەکی کولتووری و نەتەوەیی (ئێتنۆکولتووری) بەرفراوانەوە کە پێیدەگوترێ ئاسیای بەرایی (خوارووی ڕۆژئاوای ئاسیا). ئەمە ناوچەیەکی فرە نەتەوەیی و فرە کولتوورە، واتە لەڕووی نەتەوەیی و کولتوورییەوە زۆر دەوڵەمەندە، پەیوەندییەکانیشیان تابڵێی ئاڵۆز و سەرنج ڕاکێشن- ئەمەش ڕەوشێکی نەتەوەیی و کولتووریی دانسقەی داهێناوە لە ناوچەکەدا بەگشتی و لە کوردستانیش بەتایبەتی.

ئایین توخمێکی هەرەگرنگی کولتووری میللەتانە؛ گرنگی و کاریگەریی ئایین، بەتایبەتیش لەم ناوچەیەدا، وایانکردووە کە زۆربەی بوارەکانی مێژوو و کولتوور و ژیانی کۆمەڵایەتیی میللەتان شەقڵ و سیمای ئایینی وەرگرن؛ بۆیە کە قسە لەسەر کولتوور دەکرێ، بەڕادەیەکی زۆر، واتە قسەکردن لەسەر ئایین.

ڕەوشی ئایینی لە کوردستان، تا گەیشتووە بە ئاستی ئێستاکەی، بە پرۆسەیەکی مێژوویی درێژدا تێپەڕیووە؛ سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارانەی ئایینە سەرەتاییەکان لەئارادا بووین کە تیایاندا دیاردە و توخمی سروشت دەپەرستران، وەکو: هەتاو، دار، ئاو، ئاگر... بۆیە ئاسەواری ئەم چەشنە پەرستنانە لە ئایینەکانی دواتر و ئێستاشدا، بەجۆرێك و بەڕادەیەك، هەستیان پێدەکرێ.

لە نێوەندە زانستییەکاندا ڕایەکی باو هەیە کە کوردستان بە «گەنجینەی ئایینان» ناوزەد دەکات، ئەمەش ڕاستییەکی بەرچاوە. لە کوردستاندا هەر لە ئایینە جیهانییەکانەوە بگرە وەکو مەسیحیەت و ئیسلام، ئینجا ئایینی نەتەوەیی- ئێزدی، تا دەگاتە ئایینی لۆکالی و ناوچەیی (ئەهلی حەق و عەلەوی و شەبەك) کە هەر لە کۆنەوە پێکەوە ژیاون و پەیوەندییەکانیان ڕەوشێکی کولتووری و ئایینی- نەتەوەیی دانسقەیان لە کوردستان پێکهێناوە.



د. ڕەشاد میران

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

● **ئیسلام**

زۆرینەی کورد لە کوردستان و دەرەوەیدا موسڵمانی سوننە و سەربە مەزەبی شافعین، لەکاتێکدا لە نێو کوردانی خواروو (خانەقین، مەندەلی، بەغدا، بەدرە) و خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کرماشان، ئیلام...) مەزەبی شیعە (جەعفەری) زاڵە؛ هەروەها کوردەکانی خوڕاسان و تورکمانستان و ئازەربایجانیش شیعەن.

● **دیان (مەسیحی)**

کوردستان مەڵبەندێکی دێرینی ئایینی مەسیحی بووە و تاکو ئێستاش شوێنەواری پەرستگا کۆنەکانی (کەنیسە و دێر) ئەم ئایینە لە قەد چیا و دۆڵەکانی ئەم وڵاتەدا ماون، هەندێکیان ئێستاش هەر لەکاردان. گرووپەی پێڕەوکەرانی ئەم ئایینە، بە مەزەبی جیاوازیانەوە، لە سەرانسەری کوردستاندا هەن— لە شار و ناوچەکانی کەرکووك، هەولێر، سلێمانی، دهۆك و مووسڵ؛ لە شار و ناوچەکانی ورمێ؛ لە شار و ناوچەکانی هەکاری و جزیرەدا.

پەیوەندیی نێوان کورد و ئایینی مەسیحی بەڕادەیەکی زۆر تەماوی و نارۆشنە؛ لەکاتێکدا کوردستان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی مەسیحییەتەوە مەڵبەند و حەشارگەی ئەم ئایینە بووە و نابێ لەنێو کورددا پێڕەوکەری نەبووبن؛ کەچی کۆمەڵە مەسیحییەکانی ئێستای کوردستان بە نەتەوە خۆیان بە ئاسووری و کلدانی دادەنێن، یان وەکو خۆیان دەڵێن کلدۆئاشوور؛ ئەو کوردانە نەبن کە بەم ساڵانەی دوایی، دوای داگیرکردنی عیراق لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، ئایینی مەسیحییان وەرگرت. ئیمڕۆکە لە کوردستان مەسیحییەکان دابەشبووین بەسەر سێ گرۆپەی ئێتنۆئایینی: کلدان (کاتۆلیك)، سریان (کاتۆلیك و ئارتۆدۆکس) و ئاشووری (کەنیسەی ڕۆژهەڵات).

هەرچی ئایینی جوولەکەییە، لە ئێستادا هیچ کۆمەڵەیەکی سەر بەم ئایینە لە کوردستان لە ئارادا نییە، ئەوە نەبێ لە شارەکاندا ئاسەواری گەڕەکی جوولەکان ماون وەکو بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ هەبوونی، لە ڕابردوودا،

**کوردستان بەو فرەکولتووریەشیەوە بە ئەندازەیەکی باش ئارام و سەقامگیرە؛ ئاستێکی شیاوی هوشیاریی کۆمەڵایەتی (بەتایبەتیش هوشیاریی سیاسی) گەرانتی و زامینکەری ئەو ئارامی و سەقامگیریە و بەردەوامبوونیەتی**

جوولەکەیی و پێڕەوکەرانی لە کوردستاندا.

ئەو پرۆسە مێژووییەی کوردستان پێیدا تێپەڕیوە پڕبوو لە ڕووداو و دیاردەی کولتووری و ئایینیی گەورە کە ئاکام ڕەوشێکی ئێتنۆکولتووری و ئێتنۆئایینیی تایبەتی داهێنا لە کوردستان؛ ئەمەش بوو بە مایەی دەرکەوتنی ئایینی ناوچەیی و سینکریتی (لێکدراو)- واتە تێکهەڵکێش بوونی توخمی ئایینە دێرینەکان لەگەڵ توخم و ڕەگەزی ئایین و مەزهەبی دواتری وەکو زەردەشتی، مەسیحیەت، جوولەکەیی، ئیسلام کە لە ئەنجامدا ئایینەکانی لەجۆری ئێزدی، ئەهلی حەق، عەلەوی و شەبەك سەریانهەڵدا.

**● ئێزدی**

ئێزدی ئایینێکی نەتەوەیی کوردییە، پرەنسیپ و بنەما عەقیدەییەکانی بریتین لە تێکەڵییەك لە پەرستن و ئایینە هەرەکۆنەکانی کوردستان لەگەڵ پرەنسیپ و بنەمای ئایینەکانی تر بەتایبەتیش ئایینی ئیسلام؛ دوو کتێبی پیرۆزیان هەیە «جیلوە» و «مەسحەفارەش» کە بە ئەلف و بێیەکی تایبەتی نووسراون.

ژمارەی پێڕەوکەرانی ئەم ئایینە ئاشکرا نییە لەبەر نەبوونی سەرژمێریی فەرمی لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ئێزدی تەنیا لە کوردستانی باشووردا نین، بەڵکو لە بەشەکانی تری کوردستان و هەروەها لە دەرەوەی کوردسانیش هەن: لە ئەرمەنستان و گورجستان. بەشی هەرەزۆری ئێزدی لە کوردستانی باشوور دەژین و مەڵبەندی سەرەکی و پەرستگای پیرۆزیان لە دۆڵی لالش لە نزیك شاری دهۆك؛ نشیمەنیان بەجۆری سەرەکی کەوتۆتە شارۆچکەکانی شنگال، شێخان، باعەدرێ، باشیقە و گوندەکانیان. لە کوردستانی باکوور ئێزدی لە شار و ناوچەکانی وان، ئامەد، قارس و ئەرزەڕووم؛ لە ڕۆژهەڵات لە هەندێ گوندی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ و لە ڕۆژئاواش لە چەند گوندێکی سەر بە شاری حەلەب دا دەژین.

**● ئەهلی حەق**

ئەهلی حەق (یارسانی، کاکەیی، عەلی ئیلاهی)، کۆمەڵەیەکی ئایینیی ترە پێڕەوکەرانی لە ناوچەکانی هەورامان لە هەردوو بەری سنووری عیراق و ئێراندا دەژین و شوێنە پیرۆزەکانیشیان لەوێن؛ بەڵام ژمارەی زۆریشیان لە شار و ناوچەکانی کرماشان و زەهاو و لورستان دا دەژین و هەروەها لە ئازەربایجان و گەلی ناوچەی تری ئێران؛ نشیمەنەکانیان لە کوردستانی باشوور - گوند و ناوچەکانی هەورامانی لهۆن، لە هەندێ گوندی سەربە شارەکانی کەرکووك و هەولێر، لە خانەقین و لە مەندەلی.

ئەم ئایینە ئەگەرچی ئاسەوارەکانی باوەڕ و پەرستنی زۆرکۆنی بەسەرەوە دیارن، بەتایبەتیش باوەڕ بە بیرۆکەی دۆنادۆن (تەناسوخی ڕۆح)، بەڵام جێپەنجەکانی ئیسلامی شیعیی تیادا زاڵن – پانتیۆن(کەسی پیرۆز) ی هەرەباڵا لە کاکەییدا عەلی کوڕی ئەبوتالیبە (ئیمام عەلی) کە یەکسەر دوای خاوەندگار دێت، هەروەها شاخۆشین و سولتان ئیساق دوو تەجسیدی ئیلاهیی گرنگی کاکەیین و هیتریش هەن.

«سەرئەنجام» و «تەزکەرەی ئەعلا» دوو کتێبی پیرۆزی ئەم ئایینەن، هەروەها گەلێ دەق و شیعر و گۆرانیی ئایینیی هەن کە لە بۆنە ئایینیەکاندا دەخوێندرێنەوە و هەندێکیان بە زمانانی تریش نووسراون وەکو فارسی و ئازەری - ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە لە نێو پێڕەوکەرانی ئایینی ئەهلی حەقدا خەڵکی سەربەم دوو نەتەوەیەش هەن.

**● عەلەوی (قزلباش)**

ئەمەش کۆمەڵەیەکی ئایینییە لە کوردستانی باکوور، نشیمەنی سەرەکییان لە ناوچەی چیایی دەرسیمە، لە قارس و لە سیواسیشدا دەژین و کۆمەڵەی بچووك بچووکیان لە ناوچەکانی تری تورکیادا هەیە. دۆگما و عەقیدە ئایینییەکەیان لە ناوەکەیاندا دیارە؛ ئەمانە عەلی بەخودا دەزانن کە لە جەستەی مرۆڤدا بە ١٠٠١ شێوە دەرکەوتووە: بۆ جوولەکە لە جەستەی مووسا، بۆ مەسیحیان - عیسا و بۆ موسڵمانانیش- محەمەد... و دواهەمین تەجسیدی ئیلاهی لە جەستەی حاجی بەکتاش دا بووە و دوای ئەم دونیا بەبێ تەجسیدی ئیلاهی ماوەتەوە. کاریگەری و جێپەنجەکانی مەسیحیەت بەسەر ئایینی عەلەویدا دیارن، بەتایبەتیش کەنیسەی گریگۆریی ئەرمەنی، بۆیەش ئەمان چەشنی

**ئێزدی ئایینێکی نەتەوەیی کوردییە ، پرەنسیپ و بنەما عەقیدەییەکانی بریتین لە تێکەڵییەک لە پەرستن و ئایینە هەرەکۆنەکانی کوردستان لەگەڵ پرەنسیپ و بنەمای ئایینەکانی تر بەتایبەتیش ئایینی ئیسلام؛ دوو کتێبی پیرۆزیان هەیە جیلوە و مەسحەفارەش کە بە ئەلف و بێیەکی تایبەتی نووسراون**

**هەرچی ئایینی جوولەکەییە، لە ئێستادا هیچ کۆمەڵەیەکی سەر بەم ئایینە لە کوردستان لە ئارادا نییە، ئەوە نەبێ لە شارەکاندا ئاسەواری گەڕەکی جوولەکان ماون وەکو بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ هەبوونی، لە ڕابردوودا، جوولەکەیی و پێڕەوکەرانی لە کوردستاندا**

مەسیحیان سێ کوچکەی پیرۆزیان هەیە: عەلی (خودای باوك)، عیسا (خودای کوڕ) و محەمەد (خودای ڕۆح).

عەلەوییەکان تاقەداری سەر بەرزاییەکان بە پیرۆز دەزانن، زیارەتیان دەکەن و قوربانییان بۆ دەکەن، هەروەهاش کۆمەڵەی چل بنەدار. کتێبێکی پیرۆزیان هەیە بەناوی «بیوروك» یان «بەیارق» کە بەزمانی تورکی نووسراوە. تورکە عوسمانییەکان لەبەر «شیعیزمی» ئەمانە بە قزلباش ناویان بردوون – گوایە ئەمانە سەربە سەفەوییەکانن.

شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە عەلەوییەکانی کوردستان هەمان عەلەوییەکانی باکووری سووریا نین؛ ئەمانەی دوایی بە ناوی «نوسەیری» ناسراون و سەربە مەزەبی محەمەد کوڕی نوسەیر ئەل نومەیری- ن کە ساڵی ٨٨٣ لە بەسرا مردووە... لەڕووی عەقیدەییەوە ئەمانە تەنیا بە باوەڕ بە دۆنادۆن (تەناسوخ) و تەئلیهی ئیمام عەلی لە عەلەوییانی کوردستان، هەروەها ئەهلی هەق و هەموو گرۆپە عەلی ئیلاهییەکان نزیک دەبنەوە.

**● شەبەك**

گرۆپەیەکی ئایینیی ترە لە کوردستانی باشوور پێڕەوکەرانی نیشتەجێی گوندەکانی نێوان شارەکانی مووسڵ و هەولێر، مووسڵ و کەرکووکن – تیایاندا زۆرینە کورد، تورکمان و عەرەبیشیان هەن. ئەمانە لەگەلێ ڕووەوە دەچنەوە سەر عەلەوییەکان: شیعیزم و کتێبی پیرۆزی هاوبەشیان لەگەڵ عەلەویدا، هەروەها زمانەکەیان کە بە زاری گۆرانی دەپەیڤن و نزیکە لە دیالێکتی زازایی، ئینجا ناوەکەشیان (شەبەك) کە وەکو لەهەندێ سەرچاوەدا دەردەکەوێت لە ناوچەی دەرسیم (نشیمەنی عەلەوییان) گوندێك هەیە بەناوی (شۆبەك)- دوور نییە ئەمانە لەوێوە هاتبن بۆ ئەم ناوچانەی ئێستاکەیان. دیارە دوورکەوتنەوەیان لە عەلەوییان، کە نەزانراوە لە کەیەوە بووە، جیاوازیی لە بنەما عەقیدەیی و ڕێوڕەسمە ئایینیەکانیاندا دروستکردووە.

کتێبی پیرۆزیان هەمان (بیوروك)ی عەلەوییەکانە، لەپاڵ ئەمەشدا کتێبێکی تریان هەیە بەناوی (گولبەنك، یان گولبەند) شیعر و گۆرانیی ئایینیی لەخۆگرتوون کە بەزمانی تورکی نووسراون.

**● زەردەشتی**

دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە لەم ساڵانەی دوایی بە سەدان خەڵکی کوردستانی باشوور «گەڕانەوە» بۆ زەردەشتی کە بە ئایینی دێرینی کوردانی دەزانن – بنکە و پەرستگایان (لە سلێمانی و دەوروبەری) دامەزراندوون و ڕیتواڵ و ڕێوڕەسمی ئایینییان جێبەجێ دەکەن / هیچ داتایەکی فەرمی و دروستی ژمارەی پێڕەوکەرانی ئەم ئایینە جارێ بەردەست نییە.

سەرهەڵدانەوەی ئەم هوشیارییە مێژووییە نەتەوەییە، وەکو دیاردەیەك، لە هەلومەرجی ئێستادا تابڵێی سەرنج ڕاکێشە، چەندین ڕەهەندی هەیە- پێویست بە تێڕامان و بەدواداچوون دەکات.

● ● ●

وەکو دەرکەوت، کوردستان تژییە لە ئۆل و مەزەبی جیاواز کە پێڕەوکەرانیان پێکەوەژیانێکی ئاسایی بەسەردەبەن؛ لەو ماوە مێژووییە درێژەدا ڕەنگە هەندێ جار ناتەبایی، ناکۆکی و تەنانەت پێکدادانیش لەنێوانیاندا ڕوویاندابێت، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین ئەمانە بەبەراورد کەم بووین، دووەمیش هەمیشە هۆکاری سیاسی لە پشت ئەم ڕووداوانە بووە... کەواتە گرفت ئایینەکان نین، بگرە لەناو دۆگماکانی هەرهەموویاندا، بەڕادەی جیاواز، پرەنسیپ و باوەڕ بە ئاشتی و پێکەوەژیان چەسپاون- ئەوە هۆکاریترن دەبن بە مایەی پشتگوێخستن و پێشێلکردنی ئەم باوەڕ و پرەنسیپانە...

بۆیە، دەتوانین بڵێین کوردستان بەو فرەکولتووریەشیەوە بە ئەندازەیەکی باش ئارام و سەقامگیرە؛ ئاستێکی شیاوی هوشیاریی کۆمەڵایەتی (بەتایبەتیش هوشیاریی سیاسی) گەرانتی و زامینکەری ئەو ئارامی و سەقامگیریە و بەردەوامبوونیەتی...

لە هەلومەرجی وا ئاڵۆز و پڕئاژاوەی ناوچەکەدا، زۆر گرنگە پاراستنی پێکەوەژیان، ئارامی و سەقامگیریی لە کوردستان، ببێت بە بنەمای سەرەکی بۆ دارشتنی سیاسەتی هەرێمی کوردستان و ڕەهەندەکانی – سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و...

**کوردستان مەڵبەندێکی دێرینی ئایینی مەسیحی بووە و تاکو ئێستاش شوێنەواری پەرستگا کۆنەکانی (کەنیسە و دێر) ئەم ئایینە لە قەد چیا و دۆڵەکانی ئەم وڵاتەدا ماون، هەندێکیان ئێستاش هەر لەکاردان**

**لە کوردستاندا هەر لە ئایینە جیهانییەکانەوە بگرە وەکو مەسیحیەت و ئیسلام، ئینجا ئایینی نەتەوەیی- ئێزدی، تا دەگاتە ئایینی لۆکالی و ناوچەیی (ئەهلی حەق و عەلەوی و شەبەک) کە هەر لە کۆنەوە پێکەوە ژیاون و پەیوەندییەکانیان ڕەوشێکی کولتووری و ئایینی- نەتەوەیی دانسقەیان لە کوردستان پێکهێناوە**



## د. فرسەت سۆفی

ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# گرنگە لە کابینەی نۆیەمدا لێپرسینەوە و سزادان هەبێت و خەڵکی لێهاتوو و بەتواناش پاداشت بکرێن

ئومێد و چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستان لە حکومەتی داهاتووی کوردستان-کابینەی نۆ- زۆرە، بەتایبەتی لە بواری چاکسازیی کارگێڕی و دارایی و هەنگاوهەڵگرتنی جددی بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە نەخوازراو و دژوارەی دوچاری هەرێمی کوردستان بووە، ئەم پرسە و چەندین بابەتی دیکە بوونە تەوەری دیمانەیەکی گوڵان لەگەڵ دکتور فرسەت سۆفی ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان.

*** زۆر باسی پرۆژە یاسای چاكسازیی كارگێڕی و بنەڕەتی دەكرێت، هەڵسەنگاندنتان بۆ گرنگیی ئەم پرۆژە یاسایە چییە بۆ كابینەی ٩ی حكومەتی كوردستان؟**

- بەهۆی ئەو واقیعەی لەماوەی چەند ساڵی رابردوو هەرێمی كوردستان پێیدا تێپەڕیوە، كۆمەڵێك كەموكوڕی و كێشەی گەورەی ئیداری رووی لە هەرێمی كوردستان كرد، ئەو كێشانەش بەشێكی بۆ ئەو ململانێ حزبییە دەگەڕێتەوە كە لە هەرێمی كوردستان هەبووە و بەشێكی بۆ قۆناغی دووئیدارەی و بەشێكیشی بۆ ئەو سەرەتایەی ئەزموونی هەرێمی كوردستان دەگەڕێتەوە كە هەیبووە، جا ئەمانە وایكرد كە حكومەتێك دابمەزرێت، هەیكەلیەتێكی زۆر قەبە و فراوانی هەبێت، هەر بۆیە دامودەزگا و دامەزراوەكانی حكومەتی كوردستان بەشێوازێكە كە پێویسیان بە پێداچوونەوە و رێكخستنەوە و تەرشیقكردن و جیاكردنەوە هەیە، بۆیە بە فیعلی قۆناغی داهاتوو دەبێت قۆناغی چاكسازی بێت و ئیدارە خۆی چاودێری لەسەرخۆی دابنێت، وەكو ئەوەی كەپێی دەڵێن نیزامی «موفەتیشی عام»، هەروەها پێویستە لە ئیدارەدا پرەنسیپی پاداشت و لێپرسینەوە پیادە بكرێت، ئومێدەوارم كابینەی داهاتووی حكومەتی كوردستان ئەو كابینەیە بێت كە یەكێك لە ئامانجەكانی چاكسازی ئیداری بێت لە هەیكەلی ئیدارەی حوكمڕانی و چاكسازی ئیداری بێت لە كاركردن و خێراكردنی ئەدای كاری حكومەت، ئەمەش ئۆتۆماتیكی كاریگەری دەبێت بۆ ئەوەی ئەو حكومەتە ئەدای باشتر بێت و هاووڵاتیان كێشەیان كەمتر بێت و بەهەدەردان و گەندەڵی كەمتر ببێتەوە، هەروەها بۆیە ئێمە پێویسێمان بە چاكسازیی بانكی و دارایی هەیە و پێویستمان بەوەیە كە بە فیعلی پلان هەبێت و وەزارەتی پلاندانان كاری گەورەی خۆی ئەنجام بدات، تاوەكو بزانین لە ئایندەدا كوردستان بەرەوكوێ دەڕوات، هاوكات دەمانەوێت بزانین لەچەند ساڵی داهاتوو ئاستی ئابووری و دارایی و كشتوكاڵ و گەشتوگوزار و پیشەسازیی كوردستان بەرەو كوێ دەڕوات.

*** خاڵی گرنگی ئەو چاكسازییە لەوەدایە بەرنامەیەكی لۆكاڵییە و بیركردنەوەی خەڵكی كوردستانە بە راوێژكاری و ئەزموونی وڵاتانی پێشكەوتوو، ئایا ئەوانەی لە حكومەت نین و ئۆپۆزسیۆنن تا چەند هاوكار دەبن و پاڵپشتی لەم بەرنامە چاكسازییە دەكەن؟**

- بۆ چاكسازیی ئیداری دەبێت هەیكەلی حكومەت رێكبخەیتەوە و تەرشیقی بكەیت، بۆ ئەمەش پێویستمان بە راوێژكاری و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان هەیە، من زانیاریم هەیە كە كۆمپانیای راوێژكارانی بیانی لەم پرۆژە یاسای چاكسازییەدا هاوكارن و دەبێت خۆشمان سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەربگرین كە چۆن توانیویانە بەكەمترین تێچوو و زۆرترین خزمەت پێشكەش بكەن، بۆ نموونە: ئەنجومەنی وەزیرانی وڵاتێكی وەكو دانیمارك سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەكەی تەنیا ٧٤ فەرمانبەری هەیە، لێرەدا دەپرسین: ئایا دانیمارك چۆن توانی بە ٧٤ فەرمانبەر ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێوە بچێت و بۆچی ئێمە بە زیاتر لە هەزار فەرمانبەریش ناتوانین بە رێكوپێكی كارەكان رایی بكەین؟ واتە لێرەدا لە هەرێمی كوردستاندا كەموكوڕی و ناڕێكی هەیە، هەر بۆیە پێویستمان بە خۆچاك كردنەوەو چاكسازی و رێكخستنەوە هەیە، ئەمەش بەشێكی پێویستی بە هەموارو بە تەشریعی یاسا هەیە، واتە دامەزراوەكان دەبێت هەر هەمووی یەكتر تەواو بكەن، بەتایبەتی حكومەت و پەرلەمان تاوەكو ئەم پرۆژە یاسای چاكسازییە سەربگرێت. بێگومان بۆ ئەو چاكسازییە دەبێت بەرنامەكە خۆماڵی بێت و لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی كوردستان بگونجێت، بەڵام هەر دەبێت سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دونیاش وەربگرین، چونكە حاڵەتێكی ئاسایی و سرووشتییە و دەبێت بزانین بۆچی ئەو وڵاتانە توانیویانە خۆیان چاك بكەن و بەرەوپێشەوە بچن، ئەگەرچی هەموو وڵاتانی دنیا بە هەمان ئەو قۆناغانەی وەكو ئێمەدا تێپەڕیون، بەڵام بۆ هەر بەرنامەو پرۆژە یاسایەك بێت، لەگەڵ ئەوەدانین كە كۆپیی وڵاتان بێت.

*** ئاماژەت بە ئابووری و ژێرخان كرد، هەڵبەتە حكومەتی بەهێز، بەبێ ئابووریی بەهێز هیچ مانایەك ناگەیەنێت، ئایا حكومەتی كوردستان چی بكات تا ئابوورییەكی بەهێزی هەبێت و خۆی لە قەیرانی دارایی رزگار بكات و حكومەتەكەش بەهێز بێت؟**

- حكومەتی كوردستان بۆ ئەوەی ئەو

**جەنابی سەرۆك بارزانی بەو ئەزموون و تەجروبە قووڵەی و كاك نێچیرڤان بارزانی بەو تەجروبە دوورو درێژەی كە لە حوكمڕانیدا هەیەتی، لەسەر ئایندەی حوكمڕانی لە هەرێمی كوردستان كاریگەرییەكی گەورەیان دەبێت**

**قۆناغی داهاتوو دەبێت قۆناغی چاكسازی بێت و ئیدارە خۆی چاودێری لەسەرخۆی دابنێت، وەكو ئەوەی كەپێی دەڵێن نیزامی «موفەتیشی عام»**

**كۆمپانیای راوێژكارانی بیانی لەم پرۆژە یاسای چاكسازییەدا هاوكارن و دەبێت خۆشمان سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەربگرین كە چۆن توانیویانە بەكەمترین تێچوو و زۆرترین خزمەت پێشكەش بكەن**

**ئایا دانیمارک چۆن توانی بە ٧٤ فەرمانبەر ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێوە بچێت و بۆچی ئێمە بە زیاتر لە هەزار فەرمانبەریش ناتوانین بە ڕێکوپێکی کارەکان رایی بکەین؟**

توانا داراییانەی کە هەیەتی بتوانێت لەگەڵ خەرجییەکان بگونجێنێت، پێویستی بە چاکسازی هەیە لە کەرتی وەزیفەی گشتی و لە فەرمانبەرو مووچەخۆر کە هەدەردانی تێدا کەم بکرێتەوە و دوو مووچە و سێ مووچە و چوار مووچە و مووچەخۆری بندیوار و مشەخۆر چارەسەر بکەن و ئیجرائات بکەن لەو بەهەدردانانەی لە هەیکەلی حکومەت و لەم دامودەزگاو دامەزراوەکان بەبێ ئەوەی بەرهەم هەبێت بەفیڕۆدەچن، چارەسەریان بکەن و چاودێریی پەرلەمانی و دادوەری و ئیداری و حکومی لەسەر ئەدای حکومەت و دامودەزگاکان بەهێزتر بکەین و لێپرسینەو سزادان هەبێت، لە هەمانکاتیشدا خەڵکی لێهاتوو و بەتوانا پاداشت بکرێن و بێنە پێش و سەرپەرشتی و ئیدارەی دامودەزگاکان بکەن، بە تەئکید لەو کاتەدا دەتوانین توانا دارایی و ئابوورییەکانی خۆمان بگونجێنین لەگەڵ پێداویستییەکانی خۆمان، چونکە ئێستاکە ئێمە توانا داراییەکانمان کەمن، بەڵام خەرجییەکانمان زۆرن، ئەمە بۆچی وایە؟ بێگومان ئەمە لە ئەنجامی هەڵە و کەموکوڕییەکانی ئیدارەدانە.

*** هەموو ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کابینەی ٩ی حکومەتی کوردستان لە کات و ماوەی یاسایی خۆی پێکدەهێندرێت، بەتایبەتی کە نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەم کارە رادەسپێردرێت، ئایا ئەزموون و شارەزایی و میانڕەوی ئەو سەرکردەیە تاچەند کاریگەر و گرنگە بۆ سەرکەوتنی کابینەی ٩ی حکومەتی کوردستان؟**

- گەشبینم بەوە هەوڵبدرێت پێش کۆتایی ساڵی ٢٠١٨حکومەتی تازەی هەرێمی کوردستان پێکبهێندرێت، بە تەئکید پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو براوەی یەکەم کە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان ٤٥ کورسی هێناوە و بوونی جەنابی سەرۆك بارزانی بەو ئەزموون و تەجروبە قووڵەی کە هەیەتی و هەروەها بوونی کاك نێچیرڤان بارزانی بەو تەجروبە دوورو درێژەی کە لە حوکمڕانیدا هەیەتی لەسەر ئایندەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی گەورەیان دەبێت، سەرەڕای ئەمەش پێویستە ئێمە بتوانین هاوپەیمانیەتییەکی بەهێز دروست بکەین لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە لە حکومەتی داهاتوودا بەشدار دەبن و ئەو هاوپەیمانیەتییە ببێتە مایەی سەقامگیری لە کوردستان.

**ئەگەرچی پەرلەمان چاودێرە لەسەر حکومەت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەبێت پەرلەمان و حکومەت پرەنسیپی ڕێز لە لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بگرن و لە هەمانکاتیشدا دبێت حکومەتیش بە پێی ئەو ڕێکارە چاودێرییانەی لەناو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هاتوون، ڕێز لە ئەدای چاودێریی پەرلەمانی بگرێت**

*** لەخولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان ئەندام بوویت و ئەزموونێکی باشت لە کاری پەرلەمانیدا هەیە، ئایا ئایندەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان چۆن دەبینیت و پێتوایە ئەو پڕۆژە یاسایانەی ماونەتەوە لەم خولەدا تێپەڕێندرین و ببن بە یاسا؟**

- خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێك ئەرکی قورسیان لەسەرشانە، چونکە بەداخەوە خولی پێشوو بەهۆی ئەو دۆخە زاتی و مەوزووعییانەی کە پەیوەندییان بە پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمانەوە هەبوو، نەتوانرا ئەدایەکی باش پێشکەش بکات، بۆیە ئومێدەوارین ئەم خولەی ئێستای پەرلەمانی کوردستان مەسەلەی دەستووری هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی پارێزگاکان و یاساکانی تایبەت بە نەوت و داواکاری گشتی و یاساکانی تایبەت بە بوارەکانی خزمەتگوزاری لە پەرلەمانی کوردستان تەشریع بکات، تاوەکو کۆمەڵێك دەستکەوتی گرنگی تەشریعی لە هەرێمی کوردستان هەبێت، چونکە لەم خولەدا زەمینە لەبارە بۆ پەسندکردنی و تێپەڕاندنی ئەم بابەت و پڕۆژە یاسا گرنگانە و دەتوانن پڕۆژە یاساکان بەرەو پێشەوە ببن. هاوکات هیوادارم لە کابینەی٩دا حکومەتی کوردستان پڕۆژە یاسا بۆ پەرلەمانی کوردستان بنێرێت، لەو بوارانەی کە پێویستن، بەتایبەتی لەبواری کاروباری حکومەتدا، ئەگەرچی بەداخەوە حکومەتی کوردستان لە قۆناخی پێشووتر کەمتەرخەم بوو بە درێژایی ماوەی کابینەی ٨ و لە ماوەی خولی چوارەمی پەرلەماندا، تەنیا چوار پڕۆژە یاسای بۆ پەرلەمانی کوردستان نارد.

**هەوڵدەدەین کیان و یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان و سیادە و سەروەریی هەرێمی کوردستان بپارێزین و ئەو کیانەی بەدەستمان هێناوە، لەدەستی نەدەین و پارێزگاری لێ بکەین**

*** ئایا چۆن حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەبنە هاوکارو هەماهەنگی یەکتر تاوەکو بەرنامە و پڕۆژەی تۆکمە هەبێت بۆ خۆشگوزەرانی کە هەموو خەڵکی کوردستان تێیدا سوودمەند بێت؟**

- لە سیستەمی پەرلەمانی دەبێت حکومەت و پەرلەمان هاوکارو هەماهەنگ بن و باڵانس و تەوافوق و لێکتێگەیشتن لەنێوانیاندا هەبێت، نابێت پەرلەمان و حکومەت لە دوو دونیای جیاواز بن و رکابەری یەکتری بکەن، ئەگەرچی پەرلەمان چاودێرە لەسەر حکومەت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەبێت پەرلەمان و حکومەت پرەنسیپی ڕێز لە لێك

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بگرن و لە هەمانکاتیشدا دبێت حکومەتیش بەپێی ئەو ڕێکارە چاودێرییانەی لەناو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هاتوون، ڕێز لە ئەدای چاودێریی پەرلەمانی بگرێت، بۆیە دەبێت پەرلەمان و حکومەت هەموو کات لە تەماسی تەواودا بن لەگەڵ یەکتر و تەفاهوم و لێکتێگەیشتن لە نێوانیاندا هەبێت.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان لە بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا زۆر جەختی لەسەر بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز دەکردەوە، ئایا بنەماکانی دروستبوونی ئەم حکومەتە بەهێزەی کوردستان لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

- ئێمە هەوڵدەدەین کیان و یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان و سیادە و سەروەریی هەرێمی کوردستان بپارێزین و ئەو کیانەی بەدەستمان هێناوە، لەدەستی نەدەین و پارێزگاری لێ بکەین، بێگومان کوردستانێکی بەهێز بەوەوە دەبێت کە بەیەکەوە هەوڵبدەین ئەو دۆخەی ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان کۆتایی پێ بهێنین، هەروەها کوردستان بەهێز دەبێت کە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان یەك بخەین و لە ڕووی مەشق و ڕاهێنان و پڕچەککردن بەهێزیان بکەین، بەوە بەهێز دەبین لەبواری سامانە سروشتییەکان و وزە و نەوت و گاز، کوردستان زیاتر گەشە بکات و بەرەوپێشەوەی ببەین و کۆمپانیای زەبەلاحی دنیا زیاتر بۆ کوردستان ڕابکێشین، لەلایەکی دیکە بۆ ئەوەی کوردستان بەهێز بێت، دەبێت یەك تێڕوانین و یەك ستراتیژمان هەبێت لەبەرامبەر عێراق و وڵاتانی هەرێمی و ریزەکانی ناوخۆمان یەك بخەینەوە و هەوڵی ئەوە بدەین کە ئێمە لە قۆناغی داهاتوو پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و دامەزراوەکانمان بەهێز بن و بەرەوپێشەوەیان ببەین و دژی گەندەڵی بوەستینەوە و چاکسازییەکی ئیداری و بنەڕەتی و ڕاستەقینە ئەنجام بدەین و بەخۆداچوونەوەیەکی گشتی بکەین و لێی بگەڕێین حکومەت حوکمڕانیی خۆی بکات و حزبە سیاسییەکانیش حزبایەتیی خۆیان بکەن و نابێت حزبە سیاسییەکان لەسەر حیسابی گیرفانی حکومەت بەهێز ببن و حکومەتیش لاواز بێت، بەڵکو دەبێت مەسافەیەکی باش بۆ حوکمڕانییەکی باش بۆ حکومەتی کوردستان بڕەخسێنن و دەبێت بە ڕاستی مافەکانی مرۆڤ و ناوبانگی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پارێزگاریکردن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان و تەبایی لەنێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان پەرە پێ بدەین، هاوکات لە کوردستاندا نموونەیەکی جوانی دیموکراتیەت و دەستاودەستکردنی دەسەڵات پێشکەش بکەین، هەروەها کوردستان بکەینە خاوەن دەستوور و کۆمەڵێك یاسای گرنگ بۆ بە دامەزراوەکردنی نەوت هەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە یاسا سەروەر بێت و دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ بێت و لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وەکو پرەنسیپێك بپارێزین، پێموایە کوردستانێکی بەهێز بەم تەوەر و خاڵانەی ئاماژەمان پێدا دروست دەبێت و ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان کاریان لەسەر دەکەین.

*** لەمێژە سەرقاڵی ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای چاکسازین کە ئەمە کەرتی گشتی دەگرێتەوە، ئایا تا چەند پێویستە چاوخشاندنەوەیەکیش بە کەرتی تایبەتدا بکرێتەوە، چونکە کەرتی تایبەت جگە لەوەی هاوکار نییە بەسەر کەرتی گشتی، هەندێکجار بارێکی قورسیشە لەسەر کەرتی گشتی، ئایا ناکرێت پڕۆژە یاسای چاکسازی فراوانتر بکرێت و کەرتی تایبەتیش بگرێتەوە؟**

- من ١٠٠٪ لەگەڵ ئەو ڕاوبۆچوونەم، چونکە ئەگەر بمانەوێت کوردستان پێش بکەوێت، ئەوە دەبێت کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی بەیەکەوە بەرەوپێشەوە ببەین و پاڵپشتی و هانی کەرتی گشتی بدەین، نەك ببێتە ئەرك لەسەر حکومەت، بەڵکو ببێتە هۆکاری ڕزگارکردنی حکومەت لە دروستکردنی هەلی کار بۆ خەڵك و دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆکان، لەلایەکی تر بتوانین کەرتی تایبەتی بیانی و ناوخۆ تێکەڵاو بکەین و هانیان بدەین و بواریان بۆ بڕەخسێنین کە کێبڕکێی ئازاد و سەربەست هەبێت و زیاتر بوار بۆ کۆمپانیا بیانییەکان بڕەخسێنین، تاوەکو بێنە کوردستان و وەبەرهێنانی زیاتر بکەن، بەمەش پارە ڕابکێشینە ناو کورددستان لە بری ئەوەی پارە بچێتە دەرەوەی کوردستان، هەموو ئەو شتانە دەبێت لە چوارچێوەیەکی ستراتیژیی گەورە حکومەت کاریان لەسەر بکات و کەرتی تایبەت لە کوردستان پاڵپشتی بکرێت و هان بدرێت تاوەکو دەرفەتی کارو بووژاندنەوەی ئابووری لە کوردستان بەدوای خۆیدا بێنێت.

**کوردستانێکی بەهێز بەوەوە دەبێت کە بەیەکەوە هەوڵبدەین ئەو دۆخەی ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان کۆتایی پێ بهێنین، هەروەها کوردستان بەهێز دەبێت کە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان یەک بخەین و لە ڕووی مەشق و ڕاهێنان و پڕچەککردن بەهێزیان بکەین**

**بۆ ئەوەی کوردستان بەهێز بێت، دەبێت یەک تێڕوانین و یەک ستراتیژمان هەبێت لەبەرامبەر عێراق و وڵاتانی هەرێمی و ریزەکانی ناوخۆمان یەک بخەینەوە**

**نابێت حزبە سیاسییەکان لەسەر حیسابی گیرفانی حکومەت بەهێز ببن و حکومەتیش لاواز بێت، بەڵکو دەبێت مەسافەیەکی باش بۆ حوکمڕانییەکی باش بۆ حکومەتی کوردستان بڕەخسێنن**

# ئەركە قورسەكانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان

پەرلەمانی كوردستان لە خولی پێنجەمیدا ئەركێكی قورسی دەكەوێتە سەرشان، چونكە وەك لە هەموو لایەك ئاشكرایە، پرۆژە یاسایەكی زۆری لە خولی پێشوو بۆی ماوەتەوە كە بە یاسا نەكراون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە لە خولی چوارەم پەرلەمان كەشوهەوایەكی گونجاوی بۆ دابین نەكرا، بە هۆی گیروگرفت وململانێی فراكسیۆنەكان كە لە ناكۆكیی لایەنە سیاسییەكانی دەرەوەی پەرلەمان رەنگی لە سەریان دابووەوە.

هەر چەندە ئەو پرۆژە یاسایانە بەهۆی ئەوەی لە خولی پێشوودا پێشكەش كراون و گفتوگۆیان لەسەر نەكراوە و نەبوون بە یاسا، بە نەبوو دەژمێردرێن، تا ئەو كاتەی جارێكی دی خاوەنەكانیان پێشكەش بە سەرۆكایەتی پەرلەمانی دەكەنەوە. بەڵام ئەمە واناگەیەنێ پرۆژەی گرنگ نەبن، كە پێویست دەكات هەندێكیان جارێكی دی پێشكەش بكرێنەوە.

بەڵام ئەوەی لای بەندە گرنگە، ئەوەیە كە پەرلەمان پێش ئەوەی دەست بە پرۆسەی یاسادانان بكات، دەبێ بە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیدا بچێتەوە و هەمواری بكات و، بە شێوەیەك ئاسانكاری بكات لە پرۆسەی یاسادانان و گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەكان، تاوەكو بە شێوەیەكی هێمنانە و پیشەیی بەڕێوە بڕوات و، دوور بێ لە موزایەدەتی سیاسی و بەفیڕۆدانی كات لە گفتوگۆی دوور لە بابەت و ئاستەنگ دروستكردن لەپێش بە یاساكردنیاندا، ئەمەش شتێكی كەس نەكردە نییە، زۆربەی پەرلەمانی وڵاتە پێشكەوتووەكان، لە سەرەتای هەر خولێكی نوێدا، پەیڕەوێكی ناوخۆیی تازە بۆ خۆیان دادەنێن، تەنانەت كاتی گفتوگۆی ئەندامان و فراكسیۆنەكانیش دیاری دەكەن و ماوەی درێژدادڕیی بێسوود نادەن، ئینجا دەست دەكەن بە ئەنجامدانی ئەركەكانیان كە یاسادانان كارێكی گرنگیان دەبێ.

دیاركردنی ئەو یاسایانەی پێویستن لەم خولەی پەرلەمان دەربچووێندرێن، یان هەموار بكرێن، زۆرن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فراكسیۆنەكانی خولی پێنجەم و حكومەتی نۆیەمی هەرێمی كوردستان كە پەرلەمان دەنگی پێ دەدا، سەبارەت بە گرنگیی ئەو یاسایانەش دەبێ پەرلەمان ریزبەندیی پێشەكییان بداتێ، بۆ نموونە:

- كاراكردنەوەی لیژنەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان و پەلەكردن لە تەواوكردنی و حەواڵەكردنی بۆ ریفراندۆمی گشتی، بە راستی پێویستییەكی هەنووكەیی و بەپەلەی بارودۆخی ئێستای هەرێمی كوردستانە. هەبوونی دەستوور لەو كات و ساتەدا پێش لە زۆر تەنگ و چەڵەمەی سیاسیی هەنووكەیی دەگرێ، بەتایبەتی كە فەزای سیاسیی كوردستان زۆر لێڵ بووە و حوكمداری و فەرمانڕەوایی لەنێو لایەنە سیاسییەكان و شەقام بەهای خۆی

**ئەو پرۆژە یاسایانە بەهۆی ئەوەی لە خولی پێشوودا پێشكەش كراون و گفتوگۆیان لەسەر نەكراوە و نەبوون بە یاسا، بە نەبوو دەژمێردرێن، تا ئەو كاتەی جارێكی دی خاوەنەكانیان پێشكەش بە سەرۆكایەتی پەرلەمانی دەكەنەوە**



**دادوەر عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەندی**

**ئەندامی خولی یەکەم و دووەمی پەرلەمانی کوردستان**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

لەدەست داوە و دووركەوتوونەتەوە لە كرۆكیی بەرژەوەندیی نیشتمان لە پێناو دابینكردنی دەنگی شەقام و بەرژەوەندییە تەسكەكانیان.

بۆیە هەردەم ئەوە دووبارە دەكەمەوە كە ئەگەر كاتی خۆی ئەو پڕۆژە دەستوورەی لە پەرلەمان دەنگی نزیكەی لە ١٠٠٪ی بەدەستهێنا و ڕەوانەی سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان كرا بۆ ئەوەی ریفراندۆمی لەسەر ئەنجام بدرێت و گەلی كوردستان پەسندی بكات، ئەوا ئەو دەستوورە بەری لە زۆر كێشە و بێشەی ئەو دواییەی كوردستان دەگرت و وڵاتمان گەشەیەكی بەرچاوی لە گشت كایەكانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و حوكمڕانی بەخۆوە دەبینی.

ئەوەش دووپات دەكەمەوە كە گێڕانەوەی پڕۆژەكە بۆ پەرلەمان و پێشكەش نەكردنی بۆ رای گەل پێچەوانەی دەستوور و دابونەریتەكانی دانانی دەستوورە لە جیهانی پێشكەوتوو، تا ئێستاش وەڵامێكی موقنیعم دەست نەكەوتووە سەبارەت بە هۆی پێشكەش نەكردنی بۆ ریفراندۆم، چونكە لە دەسەڵاتی سەرۆكایەتیی هەرێم نەبوو رەخنەی لێ بگرێت، یان بیگێڕێتەوە پەرلەمان.

- دەرچوواندنی پڕۆژە یاسای چاكسازی و نەهێشتنی گەندەڵی لە دامەزراندن و خانەنشینیی پلەباڵا و تایبەتەكان و بەخشینی پلەو پایەی باڵا بە كەسانی دەرەوەی فەرمانگەكان و خانەنشینكردنیان بێ ئەوەی رۆژێك فەرمانگەیان دیبێ، پێویستییەكی هەنووكەیی و بەپەلەیە بۆ ئەوەی هەرچی زووە ئەو بارە داراییە قورسەی بە هۆیەوە كەوتۆتە سەر گەنجینەی هەرێم لابچێ و راستەوخۆ سیستەمی پاشەكەوتی مووچەی فەرمانبەران هەڵبگیرێت و فەرمانبەران لەو قاتوقرییەی بە هۆی ناحەزیی حكومەتی فیدراڵی پێشوو بەرامبەر هەرێمی كوردستان تێكەوتوون و لەو نادادپەروەرییەی لە پێشەوە باسكران، رزگاریان ببێ و هەناسەیەكیان بێتەوەبەر.

- یاسای وەبەرهێنان پێویستی بە هەمواركردنەوە هەیە، چونكە وەبەرهێنان لە هەرێمی كوردستان، چ لە ئاستی ناوەخۆ، چ لە ئاستی دەرەوە كەموكورتییەكی زۆری تێدایە، كە بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و قۆرخكردنی زۆر پڕۆژەی گرنگ و بەپیتی بووژانەوەی ژێرخانی ئابووریی وڵات و پەككەوتنیان و بەڵێندەرانیانیش وەك بەرزەكی بانان بۆی دەرچوون و هیچیشیان لەگەڵ نەكراوە.

بۆیە دەبێ یاساكە هەموار بكرێتەوە، بە شێوەیەك كە بە بێ متمانەی دارایی تەواو و توانای هونەری و ئیداری بەڵێندەر، هیچ پڕۆژەیەك بە خاوەنكار نەسپێردرێ و سنوور بۆ بەناوكردنی زەوی و زار و ژێرخانی ئابووری

**پەرلەمان پێش ئەوەی دەست بە پرۆسەی یاسادانان بكات، دەبێ بە پەیرەو و پرۆگرامی خۆیدا بچێتەوە و هەمواری بكات و، بە شێوەیەک ئاسانكاری بكات لە پرۆسەی یاسادانان و گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەكان، تاوەكو بە شێوەیەكی هێمنانە و پیشەیی بەرێوە بروات**

بۆ تاك و دامەزراوەكان دابندرێ و لە ئەستۆی دەوڵەت وەك سامانی گشتی بهێڵدرێنەوە.

دەكرێ بۆ ئەوەی دڵنیایی هەبێ كە پرۆژەكان بە شێوەیەكی ئاسایی و دڵسۆزانە ئەنجام دەدرێن، حكومەتی هەرێم لە هەر پرۆژەیەكی وەبەرهێنان پشكێكی كەمی خۆی تێ بخات بۆ دوارۆژ و هەركاتێ وەبەرهێن نەیتوانی پرۆژەكە ئەنجام بدات، میری شوێنەكەی بگرێتەوە و پرۆژەكە رانەگرێت و لەسەر ئەو متمانە داراییەی بەڵێندەر لە سەرەتاوە پێشكەشی كردووە، پرۆژەكە تەواو بكات.

- هەمواركردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر)ی ژمارە ٣ی ٢٠٠٦ ئەركێكی هەنووكەیی پەرلەمانە كە ماوەیەكی زۆر بەسەر دەرچوونیدا تێپەڕیوە و كەشوهەوای ئێستا و بڵاوبوونەوەی تیرۆر لە ناوچەكە و لە جیهان بەگشتی و گۆڕانی هەلومەرجی دەركردنی ئەو كاتی یاساكە وامان لێدەكات، جارێكی دی بەسەریدا بچینەوە و بیگونجێنین لەگەڵ ئەو پەرەسەندنانەی لە ناوخۆ و دەوروبەر و جیهاندا هاتۆتە ئاراوە، كە بووە بە دیاردەیەكی مەترسیداری جیهانی و هەرێمی كوردستانیش لە سایەی پێشمەرگە قارەمانەكانیەوە بووەتە سەرقافڵەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەكە بە هۆی ئەو نەبەردی و ئازایەتی و چاونەترسییەی نواندوویەتی لە راونان و وەدەرنانیان لە كوردستان و هاوكاریكردنی هێزەكانی هاوپەیمانان لە دەوروبەری هەرێمی كوردستانیش و پێشكەشكردنی ئەو هەموو شەهیدە نەمرەی لەو رێیە پیرۆزەی لەدەست داوە.

ئەمانەی باسكران مشتێكن لە خەروار، ئەگەرنا، زۆر لە یاساكان كاتیان بەسەردا تێپەڕیوەو پێویستیان بە هەمواركردنەوە هەیە، ئەمەش بۆ فراكسیۆنەكانی پەرلەمان و حكومەت دەگەڕێتەوە كە تا چەند مەبەستیان خزمەتی گەل و وڵاتە.


هیوادارم خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان دەستپێكی ئاشتەوایی نیشتمانی بێت و كار بكات بۆ بڵاوكردنەوەی گیانی لێبوردەیی و برایەتی و بنیادنان ورزگاركردنی وڵات لە كێشە سیاسییەكان كە بە هۆیەوە زۆربەی فراكسیۆنی لایەنەكانی خولی چوارەم كاریان بۆ ئاڵۆزكردنی كەشوهەوای ناوەوە و دەرەوەی هەرێم دەكرد، وەك ئەوەی نەزانن خۆشیان لە نێو كەشتییەكەن و ئەگەر نوقم بێت، ئەوانیش تێدا دەچن.

راستە لەم خولەدا پارتی كورسییەكی زۆری دەستەبەر كردووە و دەتوانێ لەگەڵ هاوپەیمانانی بڕیاربەدەست بێ، بەڵام ئاواتەخوازم هەموو لایەنە براوەكانی ئێستای ناو پەرلەمان بوغز و كینە سیاسییەكانی پێشوویان وەلا نێن و لاپەڕەیەكی سپی و بێگەرد لە نیازپاكی و دۆستایەتی هەڵبدەنەوە و قۆڵی خەباتی سیاسیی راستەقینەی لێ هەڵماڵن و دەست بكەن بە كاری پیشەیی خۆیان، كە زۆر بابەتی گرنگ هەن، پێویستیان بە یاسای سەربەخۆ هەیەو، زۆر یاسای پێشووش هەن، بە هۆی كەشی سیاسی و پێشهاتە تازەكان و تێپەڕینی ساڵانێكی زۆر بە سەر دەرچوونیاندا ئامانجەكانی خۆیان ناپێكن و پێویستیان بە هەمواركردن و هەمواركردنەوە هەیە. هەروەها بەشێوەیەكی بابەتییانە چاودێریی ئەدای حكومەت بكەن و پەیوەندییەكی دۆستانە و رەخنەگرانەی لەگەڵ ببەستن و لە وردو درشتی كەموكورتییەكانی بكۆڵنەوە و پرسینەوە لەو وەزیرە بەرێزانە بكەن كە بە بەڵگە هەڵە و سەرپێچیە یاساییەكانیان لێ دەبینن و چاوپۆشییان لێ نەكەن و بە دەم سكاڵای هاووڵاتیانەوە بچن.

بۆ ئەم مەبەستەش بە پەسەندی دەزانم هەر لە سەرەتاوە بە هاوكاری لەگەڵ حكومەت لیژنەیەكی هەماهەنگی (تەنسیق) لەنێوان حكومەت و پەرلەمان پێك بهێنن بۆ رێكخستنی كاری بەدواداچوون و لێپرسینەوە و بانگكردنی ئەو وەزیرانەی مەبەستە روونكردنەوەی لێ وەربگرن، یا لێپرسینەوەی لەگەڵدا بكەن، ئەمە جگە لەو نوێنەرەی ئێستا كە حكومەت دەینێرێت بۆ پەرلەمان و ئامادەی گفتوگۆكانی پرۆسەی یاسادانان دەبێ و وەڵامی سەرۆكایەتیی پەرلەمان دەداتەوە و مەبەستەكانی حكومەت و تێبینییەكانی لەسەر دەرچواندنی یاساكە بۆ ئەندامان شی دەكاتەوە.

**كاراكردنەوەی لیژنەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان و پەلەكردن لە تەواوكردنی و حەوالەكردنی بۆ ریفراندۆمی گشتی، بە راستی پێویستییەكی هەنووكەیی و بە پەلەی بارودۆخی ئیستای هەرێمی كوردستانە**

**دەرچوواندنی پرۆژە یاسای چاكسازی و نەهێشتنی گەندەڵی لە دامەزراندن و خانەنشینیی پلەباڵا و تایبەتەكان و بەخشینی پلەو پایەی باڵا بە كەسانی دەرەوەی فەرمانگەكان و خانەنشینكردنیان بێ ئەوەی رۆژێک فەرمانگەیان دیبێ، پێویستیەكی هەنووكەیی و بەپەلەیە بۆ ئەوەی هەرچی زووە ئەو بارە داراییە قورسەی بە هۆیەوە كەوتۆتە سەر گەنجینەی هەرێم لابچێ و راستەوخۆ سیستەمی پاشەكەوتی مووچەی فەرمانبەران هەڵبگیرێت**




# دژیەکیی فیدراڵیزم و فیدراڵییەتی عێراق

**پوختەی چاپتەرێکە لە کتێبی (فیدراڵیزم و جیابوونەوە) هێمن ئاکرەیی نووسیویەتی.**

هێمن ئاکرەیی، لە میانەی توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی «دژیەکی فیدراڵیزم و فیدراڵییەتی عێراق»، کە چاپتەری یەکەمی کتێبێکە بە ناونیشانی (Federalism، Secession، and International Recognition Regime) تیشکدەخاتەسەر پەرەسەندنەکانی پەیوەندییە فیدراڵییەکان لە عێراقدا لە دوای پەسەندکردنی دەستووری فیدراڵیی ساڵی ٢٠٠٥وە. ئەوە دەخاتەڕوو کە بە زۆری فیدراڵیزم وەك چارەسەرێك پێشنیار دەکرێت بۆ ئەو وڵاتانەی بە دەست دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و ناکۆکی ئیتنی و زمانەوانییەوە دەناڵێنن. هەروەها ئەوە روون دەکاتەوە کە سەرەڕای ئەوەی دەکرێت فیدراڵییەتی ئیتنی و رێکارە فیدراڵییەکان ببنە هۆی خاوکردنەوەی ناکۆکییەکان، بەڵام ئەم دەرئەنجامە بۆی هەیە تەنیا کورتخایەن بێت و ئەگەری ئەوە هەیە لە مەودای دووردا هاندەری جیابوونەوە بێت. ئەمەش مەبەستەکەیەتی کاتێك ئاماژە بەوە دەکات کە فیدراڵیزم ناسازی، یان دژیەکی لەخۆ دەگرێت. چونکە فیدراڵیزم بە شێوەیەکی حەتمی سەردەکێشێت بۆ ئەوەی یەکە فیدراڵییەکان بونیادی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن. واتە سەرچاوەی سیاسییان بۆ دەستەبەر دەکات، کە دەکرێت بخرێنە خزمەت بزووتنەوە جوداخوازەکانەوە. ئاکرەیی لەم چاپتەرەدا هەوڵی دەستنیشانکردنی هۆکاری جێبەجێنەکردنی تەواوەتی دەستووری نوێی عێراقی داوە، کە سیستمی فیدراڵی خستۆتەڕوو، بایەخ بە فاکتەرەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، دەدات. لە هەمان کاتدا بایەخێکی تایبەت دەدات بەو فاکتەرانەی

دیکە کە کاریگەرییان لەسەر جیابوونەوە هەبووە، وەك فاکتەرەکانی پەیوەست بە ئەمنییەت و سەرچاوە سرووشتییەکانی هەرێمەکانەوە.

کەواتە ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێو ئەدەبیاتی پەیوەست بە دژیەکی فیدراڵیزمەوە بەگشتی و بە شێوەیەکی تایبەتی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی فیدراڵییەتی ئێستای عێراق تاوتوێ دەکات. هەر لەم رووەوە توێژینەوە لەبارەی کەیسی کوردستانی عێراقەوە دەکات، چونکە پێیوایە هاوکار دەبێت بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی باشتر لەبارەی هۆکارەکانی شکستهێنانی سیستمە فیدراڵییەکانەوە، ئەمەش لە دەرئەنجامدا پاڵنەر و هاندەری هەنگاوهەڵگرتن بەرەو سەربەخۆیی لای یەکە فیدراڵییەکان دروست دەکات. لەم روانگەیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە فیدراڵیزم لە کەیسی عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، کە تەوەری ئەم توێژینەوەن، پتر بە ئاراستەی هاندانی سەربەخۆیی بوو، نەك رێگریکردنی، لەبەر ئەوەی دەستوور کە زامنی یەکێتیی عێراقە (بەشی ١، بنەما بنەڕەتییەکان، ماددەی ١)، بە تەواوەتی جێبەجێ نەکرا و رێزی لێ نەگیرا. لەم گۆشەنیگایەوە، هەروەها بە گوێرەی دەستوورەکە، رێزنەگرتن و جێبەجێنەکردنی مافێکی پەنهانی (ضمني) دەدات بە کوردی عێراق بۆ ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بدات. دواتر باس لە ئەزموونی فیدراڵیی عێراق و کێشە دەستوورییەکان دەکات و ئەوە دەخاتەڕوو کە لە دیدگای زۆرێك لە سیاسەتدارێژەرانی کوردستانەوە، کێشە و ناکۆکیی نێوان بەغدا و هەولێر تەنیا پەیوەست نییە بە پرسی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سرووشتییەکانەوە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، بەڵکو ریشەی ئەم کێشەیە بۆ عەقڵییەتی حوکمڕانەکانی بەغدا دەگەڕێتەوە کە لە روانگەی خۆیانەوە لە دەستوور دەڕوانن و بە شێوەیەکی ئینتیقائی جێبەجێی دەکەن. هەروەها سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەڵگەی جددی هەیە لەبارەی رێزنەگرتن لە دەستوورەوە، زەقترینیان بریتی بوو لە بڕینی نایاساییانەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق. ئەوەی پەیوەست بێت بە فاکتەرە ئابووری و ئەمنییەکانەوە کە هاندەر و هۆکار بوون بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بنێت، ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی کوردستان لە رووی سەرچاوە سروشتییەکانەوە دەوڵەمەندە، بەتایبەتی لە بواری نەوت و غازدا، کە ئەمەش فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان هەوڵی جیابوونەوە بدات، بەتایبەتی دوای ئەوەی سیستمی سیاسی و جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دوچاری دژواری بوونەوە و دوای ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر خراپ بوون. چونکە چەندین چاودێری سیاسی باوەڕیان وایە ئەگەر کوردستان خاوەنی ئەم سەروەت و سامانەی نەوت و غاز نەبوایە، ئەوا نەدەبوو چەقی بایەخپێدانی نێودەوڵەتی و نەیدەتوانی هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بنێت. هۆکارێکی گرنگی دیکە کە پاڵنەری سەربەخۆیی خولقاند، بریتی بوو لە فاکتەری ئەمنی. چونکە دەستدرێژییەکانی داعش لە دژی هەرێمی کوردستان، ئەو راستییەی سەلماند کە حکومەتی فیدراڵی عێراقی نەیتوانی بەرگری لە کوردستان (وەك هەرێمێکی فیدراڵی) بکات. ئەوە بوو سەرەڕای کێشە داراییەکانی، هەرێمی کوردستان، نەدەیتوانی چەك بکڕێت بۆ بەرگری لە خۆکردن. کەواتە ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بوایە، ئەوا دەیتوانی راستەوخۆ چەك و پێداویستی بکڕێت. لەم روانگەیەوە، زۆر کەس پێیوایە مەسەلەیەکی دیکەی پەیوەندیدار بە پێویستبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆوە، بریتییە لە رێگریکردن لە روودانی جینۆساید لە دژی کورد و کەمینەکانی دیکە. کە دەستدرێژییەکانی داعش لە دژی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکان بوونە هۆی روودانی جینۆساید لە دژی ئێزیدییەکان. دواتر دێتەسەر پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستاندا، کە بە باوەڕی بەرپرسانی ئەم هەرێمە، ئەزموونی ١٤ ساڵیان لەگەڵ بەغدا ئەوەی سەلماند کە پێکەوەژیان نزیکە لە مەحاڵەوە، لەبەر ئەوە هەرێمی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی دا بۆ دیاریکردنی پشتیوانیی کورد لە گرتنەبەری رێکارێکی سیاسیی جیاواز. ئەوە بوو لە دەرئەنجامدا و وەك کاردانەوەیەك پەرلەمانی عێراق، ریفراندۆمەکەی بە نادەستووری لە قەڵەم دا و ١٢ فەرمانی وەك سزایەك دەرکرد، بۆ ئەوەی لەلایەن حکومەتی مەرکەزیی عێراقەوە لە دژی هەرێمی کوردستان بگیرێنەبەر. دواتر باس لە دەرئەنجامی زیاتری ریفراندۆمەکە و کۆبوونەوەکەی دوکان و دروستبوونی درز و کەلێنی نێو کورد دەکات، تا دەگاتە رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە کەرکووك و روودانی پێکدادانی سەربازی. هەروەها تیشکدەخاتەسەر پێشنیاری حکومەتی

**کێشە و ناکۆکیی نێوان بەغدا و هەولێر تەنیا پەیوەست نییە بە پرسی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سرووشتییەکانەوە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، بەڵکو ریشەی ئەم کێشەیە بۆ عەقڵییەتی حوکمڕانەکانی بەغدا دەگەڕێتەوە**

**سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەڵگەی جددی هەیە لەبارەی رێزنەگرتن لە دەستوورەوە، زەقترینیان بریتی بوو لە بڕینی نایاساییانەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق**

**ئەگەر کوردستان خاوەنی ئەم سەروەت و سامانەی نەوت و غاز نەبوایە، ئەوا نەدەبوو چەقی بایەخپێدانی نێودەوڵەتی و نەیدەتوانی هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بنێت**

**دەستدرێژییەکانی داعش لە دژی هەرێمی کوردستان، ئەو راستییەی سەلماند کە حکومەتی فیدراڵی عێراقی نەیتوانی بەرگری لە کوردستان (وەك هەرێمێکی فیدراڵی) بکات**

هەرێمی کوردستان بۆ سڕکردنی ئەنجامەکانی ریفراندۆم و پاشان بڕیاری سەرۆك بارزانی بۆ دەستبەرداربوون لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەویش لە نامەیەکدا بۆ پەرلەمانی کوردستان کە داوای کردبوو دەسەڵاتەکانی سەرۆك دابەش بکرێن بە سەر بەشەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بەو دەرئەنجامە دەگات کە لە ماوەی ١٢ ساڵدا، ٢٠٠٥-٢٠١٧، زۆرێك لە مادده گرنگەکانی دەستووری عێراق، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە هەرێمی کوردستانەوە، نە جێبەجێ کراون و نە رێزیشیان لێگیراوە. شکستی بەغدا لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق سەریکێشا بۆ ئەوەی کوردستانی عێراق رێفراندۆم ئەنجام بدات و بەرەو بەدەستهێنانی خەونی لە مێژینەی کە سەربەخۆییە هەنگاو بنێت.

ئەگەرچی دەرئەنجامەکانی ریفراندۆمەکە سڕکراون، کە هەرێمی کوردستان هیچ هەنگاوێکی زیاتری هەڵنەگرت و کاردانەوەی توندی بەغداش ئەوەی دووپات کردەوە کە سیستمی فیدڕاڵی بۆ حوکمڕانی هەروەك ئەوەی لە دەستووردا چەسێندراوە، بە شێوەیەکی گونجاو هەڵنەدەسووڕا. هەروەها هەرێمی کوردستانیش، کە بە ئەمری واقیع کۆنفیدڕاڵیەتی پیادە دەکرد، بەشێکی بەرپرسیارێتی جێبەجێنەکردنی دەستوورەکەی دەکەوێتە ئەستۆ.

کەواتە خودی فیدڕاڵیزم دژیەکی لەخۆ دەگرێت، چونکە هەم دەکرێت هاندەری سەربەخۆیی بێت و هەم بۆی هەیە رێگری لە سەربەخۆیی بکات. بەڵگە کردارییەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە هەڵسووڕانی سیستمی فیدڕاڵیی عێراقی و پەیوەندییە فیدڕاڵییەکان لە ماوەی دەیەی رابردوودا پتر بە ئاراستەی هاندانی سەربەخۆییدا بووە، وەك لەوەی لە سەربەخۆیی رێگر بێت. هەروەها سەرباری کێشە دەستوورییەکان، ئەوا کێشە ئابووری و ئەمنییەکانیش فاکتەری گرنگ بوون بۆ رێگەخۆشکردن بۆ ئەوەی کوردستان هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵبگرێت. فاکتەرە ئابوورییەکەش دوو رەهەندی هەیە: لەلایەك، بڕیاری بەغدا بۆ گلدانەوەی بەشە بودجەی رێککەوتن لەسەرکراوی هەرێمی کوردستان لاسەنگی و زیانی ئابووری لێکەوتەوە، کە بووە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی ئابووری هەنگاو بنێت. لەلایەکی دیکەوە، سەرچاوەی سرووشتیی زۆر و زەوەند- یەدەگی نەوت و غاز- لە کوردستانی عێراقدا هاوکار بوو بۆ هەرێمی کوردستان لە راکێشانی گەورە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوتدا. بەو پێیە، ئەم هەنگاوە جگە لەوەی دەستڕۆیشتوویی سیاسی دەستەبەر کرد، ئەوا فرۆشتنی نەوت بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە بەغدا، سەرەڕای ئەوەی هەندێ دژواری، هەرێمی کوردستانی توانادار کرد تاوەکو پێداویستییەکانی بودجەکەی دابین بکات.

دووەمیان فاکتەرە ئەمنییەکەیە کە ئەویش بووە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بدات. لە میانەی دەستدرێژییەکانی داعشدا، حکومەتی عێراق نەیتوانی بەرگری لە خۆی بکات و کشانەوەی سوپای عێراق لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و کێڵگەکانی نەوت بواری رەخساند بۆ ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی ئەم ناوچانە بگرێتەدەست و بەرگرییان لێ بکات.

بە کورتی، راستییەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە دوای قۆناغێکی دژوار و پەیوەندییە بارگرژەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە ماوەی چەند ساڵی کەمی رابردوودا، دەبێت هەرێمی کوردستان و بەغدا سەرلەنوێ دەستپێبکەنەوە بۆ ئەوەی دەستوور ببێتەوە بە مەرجەعی یەکلاکردنەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر سیاسەتی هێز بە چەشنی دەیەی رابردوو لە عێراقدا بەردەوام بێت، ئەوا دەرفەتێکی کەم دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی دەستوور (کە دەستەبەری یەکێتیی عێراقە)، بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت. لەم روانگەیەوە، سەرەڕای ئەم پاشەکشەیەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی دوای ئەوەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی دەرئەنجامی نەخوازراوی لێکەوتەوە، بەڵام هێشتا گەمەکە کۆتایی نەهاتووە. ئەگەر هەرێمی کوردستان پێداگری بکات لەسەر جێبەجێکردنی تەواوی دەستوورەکە، ئەوا حکومەتی «فیدڕاڵی» لە بەغدا دەکەوێتە پێگەیەکی دژوارەوە. ئەگەر بە شێوەیەکی کارا جێبەجێ بکرێت، ئەوا چەند ماددەیەکی سەرەکی لە دەستوورەکەدا هەن کە دەکرێت لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان و خەونە نەتەوەییەکانیدا بن، وەك چارەسەرکردنی کێشە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و نەوت و غاز. ئەگەرنا، سیستمی فیدڕاڵی لە عێراق و یەکێتییەکەی لە بەردەم هەڕەشەیەکی بەردەوامدا دەبن.

**شکستی بەغدا لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق سەریکێشا بۆ ئەوەی کوردستانی عێراق ریفراندۆم ئەنجام بدات و بەرەو بەدەستهێنانی خەونی لە مێژینەی کە سەربەخۆییە هەنگاو بنێت**

**بەڵگە کردارییەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە هەڵسووڕانی سیستمی فیدڕاڵیی عێراقی و پەیوەندییە فیدڕاڵییەکان لە ماوەی دەیەی رابردوودا پتر بە ئاراستەی هاندانی سەربەخۆییدا بووە، وەك لەوەی لە سەربەخۆیی رێگر بێت**

**سەرباری کێشە دەستوورییەکان، ئەوا کێشە ئابووری و ئەمنییەکانیش فاکتەری گرنگ بوون بۆ رێگەخۆشکردن بۆ ئەوەی کوردستان هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵبگرێت**

**ئەگەر سیاسەتی هێز بە چەشنی دەیەی رابردوو لە عێراقدا بەردەوام بێت، ئەوا دەرفەتێکی کەم دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی دەستوور (کە دەستەبەری یەکێتیی عێراقە)، بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێت**

# گەڕان بە دوای (پڕۆژەی نەتەوەیی)ی کورد لە سووریادا

ئەگەر هەموو دیمەنە ئاساییەکانی بەرچاو لە مامەڵەکردنی کوردو کورد بەلاوە بنێین، هاوکات ناکۆکییە حزبییەکانیش لەنێوان ئەوانەی کە هاتوونەتە نێو گۆڕەپانەکەو نێوان ئەوانەی شەرعین سەبارەت بە بەرژەوەندییە تەسکەکانی هەموو لایەك، دیسان کێبڕکێ لەسەر ئەوەی کامەیان دەبێتە پێشەنگی لایەنەکان بۆ نوێنەرایەتیکردن و خزمەتکردنی دەرەوە و هەڵگرتنی ئەجیندا بۆ لایەنەکانی دیکە و خزانە نێو شەڕو ناکۆکی و ململانێ، دەربارەی هەندێ شت کە پەیوەندییان نییە بە ناوەڕۆکی کێشە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان، ئەوا دوای ئەو هەموو شتانە دەبینین کە قەیرانی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی سووریا کە لە سەرەتای سییەکانی سەدەی رابردوودا سەریهەڵداوەو تائێستاش درێژەی هەیە، بگرە هەر لە بزووتنەوەی (خۆیبوون) تا یەکەمین رێکخراوی حزبی (پ د ك س) تادەگات بەو قەیرانە ئاڵۆزەی لەئێستادا لەئارادایە، لەمەدا کورت دەکرێتەوە: ململانێ لەسەر شێواز و ناوەرۆکی پرۆژەی نەتەوەیی-نیشتمانی، کە بە کردەنی و بەشێوەیەکی ئاشکرا لەوەتەی ساڵی ١٩٦٥ دەستیپێکردو تائێستاش بەردەوامە، بە دەربڕینێکی دیکەی گشتگیری هەڵوێست لە پێناسەکردنی کورد و ناوچە رەسەنەکان و مافەکانیان و ئاستی رێزگرتنی کەسایەتییە سەربەخۆیەکەیان و شێوازەکانی خەبات و پێگەیان لەنێو کێشەی نیشتمانیی گشتیی سووریا، هاوکات سرووشتی پەیوەندییان لەگەڵ دراوسێکانی دیکەی کوردستان و چۆنێتیی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە سازان لەگەڵ شەریکەکانیان لە وڵاتدا.

نامانەوێ زۆر دووربکەوینەوە، با لە خەباتگێڕ عەبدولڕەحمان ئاپۆوە دەست پێ بکەین کە بۆ ئازادبوون تێکۆشاوە، بۆ جاری هەزار دەرکەوتووە لە بواری پاشکۆیەتی و هەڵگرتنی ئەجیندای لایەنەکانی دیکە، کە رەفتاری گرووپەکانی پەکەکەی سووریا، کە بە رووکەش قەوارەگەلێکی حزبی و مەدەنی و ئیدارین، بەڵام لە ناوەڕۆکدا سەربازی و دەمکوتکەرن لە زیندان و بەندیخانەکانیاندا، تیمەکانی تیرۆرکردنن کە لەسەر پرەنسیپی جێبەجێکەو گلەیی مەکە کاردەکەن. ئەوان لە رووی بەڕێوەبردنی سیاسی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵك و حزب و رەوتە رۆشنبیرییەکان، بە گوێرەی چەندین



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

پێوەرو چەمكی پلان بۆ دارێژراو كاردەكەن كە كۆنترۆڵی هەموو شتێك دەكات لەپشت پەردەوە كە كەس نازانێت سەرۆكەكانیان كێن، بڕیارەكانیان لەنێو چەندین ژووری لاوەكییەوە دەردەچن، بەڵام بڕیاری كۆتاییان لە سەرچاوەیەكی زۆر توندی مەركەزییەوە دەدرێت كە بریتییە لە ناوەندی (قەندیل) كە ئەویش لەلایەن موخابەراتی ئیقلیمییەوە هەڵدەسووڕێندرێت لە سەروویانەوە سووریاو ئێران، كە لە راستیدا بۆ پشتیوانیكردنی هیلالی مەزهەبی لە ناوچەكە هاتۆتەكایەوە، هەروەها بۆ بەرهەڵستیكردنی شۆڕشی سووریا و هەڵگرانی پڕۆژەی نەتەوەیی و نیشتمانیی كورد، لە سەروویانەوە ئەوانەی پابەندن بە بەرنامەی قوتابخانەی پێنجی ئاب، یان ئەوانەی پشتگیریی هەوڵەكانی ئێستای (بزاڤ) دەكەن بۆ بەستنی كۆنگرەی نیشتمانیی كوردیی سووریا لەپێناو هەنگاونان بۆ قۆناخێكی هەموو فاكتەرەكانی سەرلەنوێ بنیادنانەوەی بزووتنەوەكەمان، كە زۆر بەهێزەو خاڵییە لەنانەوەی فیتنەو ئاژاوەو گرەوكردن لەسەر ئەجێندای دوژمنان.

لە بوارێكی دیكەدا، لەسەر گرووپەكانی پەكەكەی سووریا پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، هاوپەیمانانی ئێوە لە ئەمریكییەكان ملیۆنان دۆلاریان تەرخانكردووە بۆ ئەو كەسەی شوێنی دیارترین سەركردەكانی حزبەكەتان لە قەندیل ئاشكرا بكات، پەیمانیشیان داوە كە هەموو گرووپ و میلیشیاكانی سەر بە رژێمی تاران لە سووریا دەربكەن، ئەوانەش دەگرێتەوە كە سەركردایەتیی ئێوە دەكەن، ئێوەش ئەو پەیوەندییەتان دووپات كردۆتەوەو پاشكۆیەتیی خۆتان بۆ ئایدیۆلۆجییەت و رێنماییەكانی دامەزرێنەر عەبدوڵا ئۆجەلان راگەیاندووە، كە خاوەنی ئەو تیۆرەیە كە لەگەڵ رژێمی ئەسەدی باوك لە سەری رێككەوتوون بەوەی كە گەلی كورد لە سووریا بوونی نییەو هیچ كێشەیەكیش بە ناوی كێشەی كوردی سووریا لە ئارادا نییە، لەو حاڵەتەدا كێشەی ئێوە لەگەڵ كوردی سووریا لە بوون و ماف و چارەنووسدایە، نەك لەگەڵ رژێم و توركیاو ئێران، ئەمە چارەسەر نابێت هەتا ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ خاڵەكانی هەردوو رێككەوتننامەی هەولێرو دهۆك كە لەئێستادا پشتگوێ خراون، بەڵكو بەو پاشكۆیەتییەتان بۆ ئەو حزبەی كە بەرپرسانی نوێتان بە تیرۆریستی دادەنێن، هەروەها ملكەچیكردن بۆ ئیرادەی گەلی كورد

**گرووپەكانی پەكەكەی سووریا پەیوەندییان دووپات كردۆتەوەو پاشكۆیەتیی خۆیان بۆ ئایدیۆلۆجییەت و رێنماییەكانی دامەزرێنەر عەبدوڵا ئۆجەلان راگەیاندووە، كە خاوەنی ئەو تیۆرەیە كە لەگەڵ رژێمی ئەسەدی باوك لە سەری رێككەوتوون بەوەی كە گەلی كورد لە سووریا بوونی نییە**

بە گوێڕایەڵبوونی ئێوەو حزبەکان (ئەنەکەسی) بۆ بانگەوازەکەی لە قبووڵکردنی پێشەکی و ئەنجامەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردیی سووریا کە تاکە ڕێگەیە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی بزووتنەوەکەمان، هەروەها ڕزگارکردنی ئێوەش.

زۆرینەی سەرکردەی حزبەکان هەر یەک لە (تەڤدەم و ئەنەکەسە) تائێستا لە ڕاگەیاندنەکانیاندا پرۆژەی (بزاڤ) پشتگوێ دەخەن، بەڵام بەدواداچوون دەکەن بۆ ئەو بەیاننامانەی لە لیژنەکانی ڕاوێژکاریی بەدواداچوون دەردەچن، هەروەها بۆ چالاکییەکانیان لە کۆبوونەوە داخراوەکانیان، هاوکات لە ڕێی ڕاپۆرتی دامەزراوەکانیان، هەندێکی دیکە ناچار بوون لەگەڵ ڕاوبۆچوونی شەقام بە ئەرێنی ڕێ بکەن، هەروەها بە قسەی شیرین سەبارەت بە کۆنگرەی کوردیی سووریا، وەڵامم بۆ ئەوانە لە ئێستاو دواتریش ئەوەیە کە لە کاتێکدا پەشیمان دەبنەوە کە دادتان نادات، بەڵام هەندێ لە نیشتمانپەروەران بە نیازێکی پاکەوە دەڵێن پرۆژەی بزاڤ وەك ئەوانی دیکە سەرناگرێت، وەڵامیش ئەوەیە کە بەڵێ هەقتانە وریا بن، چونکە سەرکردەی حزبەکان لەوەتەی هەشتاکانەوە تائێستا بە هۆی چەوتی و دابەشبوون و پێشێلکاریی ئەمنی و پاشکۆیەتی بۆ ئەجێندای کەسانی دیکە، لەسەر نائومێدی و شکست ڕایانهێناون، بۆیە هەر لەگەڵ دەرکەوتنی نۆبەرەکە، مەبەست پرۆژەی (بزاڤ)ە، لەوەتەی چەند ساڵە، بە بابەتییەکەی و بە مێژووییەکەی، بۆیە دوای هەوڵەکانی تیۆری و پراکتیکیی زۆر و گفتوگۆی چڕ لەگەڵ پەیوەندیداران، دەتوانین تاریکی ببەزێنین و ئاستەنگەکان تێکبشکێنین، هەروەها بە پشتبەستن بە ئیرادەی گەلەکەمان و گوڕەی لاوان و چالاکوانان، لە ئافرەتان و پیاوان هەرگیز ناگەڕێینەوە دواوە، بۆ دیداری زیاتری ڕاوێژکاری و فراوان و بەهێزکردنی لیژنەکانی بەدواداچوون لە هەر شوێنێکدا کە کوردی سووریای لێ بێت.

بزاڤ وەك بزاوتێکی فیکری و ڕۆشنبیریی ئازاد، پەیوەندیی شەفاف پەیڕەودەکات، لەگەڵ دیداری ڕاوێژکاری لە ناوەوەو دەرەوەدا، گەلی کوردیش بنەمای زیندووی ئەو بزاڤەیە، هەروەك لە پرۆژەکەیدا هاتووە هەوڵ نادات بۆ دابەشکردنی ئەرکەکان لەگەڵ دەسەڵاتی ئەمری واقیعدا، یان تێکهەڵچوون لەگەڵ ئەوەی کە بانگەشە دەکات وەك تاکە نوێنەرایەتیکردنی شەرعیی نەتەوەیی، پشتیش دەبەستێت بە دیالۆگی ڕاشکاو و ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەمووان و بەدوای ئەوەوە نییە کە ڕێککەوتننامەی ئیدارەدانی قەیرانەکە لەگەڵ حزبەکان واژۆ بکات، چونکە سەربەخۆ نییەو لەلایەن گرووپێکی خاوەن بەرژەوەندییە بە وەکالەت سەرکردایەتی ناکرێت، بەڵکو تێدەکۆشێت بە هەموو هێزێکییەوە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی و گێڕانەوەی شەرعییەت و دەسەڵات بۆ بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیی سووریا ئەویش بە بنیادنانەوەی وەك نوێنەرایەتیکردن و بەرنامەو پرۆژەی نیشتمانیی نەتەوەیی، ئەم بزاڤە سەرچاوەی دوولایەنەیە، لە ڕووی ڕەسانەیەتیی مێژووییەوە لایەنە پرشنگدارەکانی لە خەباتی گەلەکەمان هەر لە (خۆیبوون)ەوە، هەروەها هەوڵەکانی دامەزرێنەرانی، سەرەتا لە ئەنجامدانی یەکەم کاری ڕێکخراوەیی، تا دەگاتە گۆڕانکارییەکانی کۆنفرانسی پێنجی ئاب لە پێناسەکردنەوەی بوون و ماف و ڕێبازەکە، هەروەها یەکگرتنەوە لەگەڵ پیرۆزترین شت کە بزاڤی لاوانی کورد پێشکەشیان کردووە لەمیانی شۆڕشی سووریادا. ئێمەش لەئێستادا بە ناوی بزاڤ لە سەرەتای تەواوکردنی قۆناخی دواتردایین و لە سەردەمێکی تازەو شێوازە نائاساییەکاندا بە نەفەسێکی درێژەوە، ئەویش بە هەوڵی خۆبەخشی تەواوەوە، هەروەها بە بێ لایەنییەکی ڕەهاوە لە چوارچێوەی پرەنسیپی وەلا بۆ گەل و نیشتمان.

دوای دابەشبوون و هەرەسی بزووتنەوەکە لە بنەڕەتەوە بە هۆی یاخیبوونی حزبییەوە، بزاڤ وەك پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئایندەی تازە دەردەکەوێت، تێکەڵ دەبێت بە ڕەگ و ڕیشەی بزووتنەوەی کورد، لەبەر ئەوەی قەبارەی کاولبوون گەیشتۆتە ئەوپەڕی لووتکەوە، بۆیە بەپێی خواست و ئارەزوو ڕزگاربوون نایەتەدی، بەڵکو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی چەندین مەرج و ئەنجامگەلێکی ئاڵۆزی سێ لایەنەی کوردی

**زۆرینەی سەرکردەی حزبەکان هەر یەک لە (تەڤدەم و ئەنەکەسە) تائێستا لە ڕاگەیاندنەکانیاندا پرۆژەی (بزاڤ) پشتگوێ دەخەن، بەڵام بەدواداچوون دەکەن بۆ ئەو بەیاننامانەی لە لیژنەکانی ڕاوێژکاریی بەدواداچوون دەردەچن**

**سەرکردەی حزبەکان لەوەتەی هەشتاکانەوە تائێستا بە هۆی چەوتی و دابەشبوون و پێشێلکاریی ئەمنی و پاشکۆیەتی بۆ ئەجێندای کەسانی دیکە، لەسەر نائومێدی و شکست ڕایانهێناون**

**بزاڤ وەک بزاوتێکی فیکری و ڕۆشنبیریی ئازاد، پەیوەندیی شەفاف پەیڕەودەکات، لەگەڵ دیداری ڕاوێژکاری لە ناوەوەو دەرەوەدا، گەلی کوردیش بنەمای زیندووی ئەو بزاڤەیە**



و نیشتمانی و کوردستانی، لە رووی پێگەیاندنی هەڵگرانی فاکتەری خودی لە بواری روونیی دیدگای تیۆری و گەڵاڵەکردنی بەرنامەی سیاسی و دابینکردنی سەرکردایەتییەکی بەتوانا، بەڵام فاکتەری بابەتییانە وەك نەمانی ستەم و دابینکردنی ئاشتی و گۆڕانکاریی دیموکراسی و سازانی نێوان پێکهاتەکانی سووریا بەرامبەر رژێمی ئەلتەرناتیڤ و راستکردنەوەو بەهێزکردنی پەیوەندییە کوردستانییەکان.

ئێمەی کوردیش بە هەموو چین و توێژو رەوتەکانمانەوە بەرپرسیارین لە دابینکردنی مەرجەکانی یەکەمین فاکتەر، و بزاڤیش لەئێستادا ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی دیداری راوێژکاری و دیالۆگ، تایبەت بە دارِشتنی پرۆژەکە و هەڵبژاردنی لیژنەکانی بەدواداچوون لە هەموو شوێنێك کە کوردی سووریای لێ بێت، وەك ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی رزگارکاریی نیشتمانیی کوردیی سووریا، بەڵام فاکتەری دووەم ئەوەیان هەموو لایەك بەشێك لە پێداویستییەکانی سەرکەوتنی دەکەوێتە ئەستۆ لەگەڵ هاوبەشانی دیکەی ناو سووریاو برایانی کوردستانی.

پێموانییە بزاڤیخوازان بیر لەوە بکەنەوە کە ئەوانی دیکە لە حزبەکان پەراوێز بخەن، لەپێناو ئەوەی کە پرۆژەکانیان بسەلمێنن بە هاوکاری لەگەڵ سەرجەم گرووپە نیشتمانییە بێلایەنەکان و بزاوتی لاوان و نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە لیژنەکانی بەدواداچوون تا ئەم کاتە بە تەواوی نەیانگرتوونەتەخۆ لەو شوێنانەی کوردی سووریایان لێیە لە ناوخۆو دەرەوەدا، ئەمەش تا ئەو کاتەی دەست بکەن بە ئەنجامدانی هەنگاوی پێویست بۆ بیناکردنەوەی بزووتنەوەکە، هەروەها دابینکردنی مەرجەکانی بەستنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردیی سووریا، بە مەزەندەی زیاتر ئەوان پێیان باشە لایەنگرانی حزبەکان بە یەك لەسەرسێ لە لیژنەی ئامادەکاریدا بەشداربن، هاوکات وەك ئەندامی کۆنگرە، بەڵام دیاردەی هەرەسی ئەو حزبانە وەك رۆڵ و دەسەڵات و کاریگەری و لەدەستدانی راستگۆیی سەرکردەکانیان لەنێو ناوەندە نیشتمانییەکان، ئەوا بێ گومان ئاماژەیە بۆ هەنگاوهەڵێنانی خێراو تەواوکردنی پرۆژەکە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەحەدییەکان، وەك پێویستییەکی نەتەوەیی نیشتمانی، پێش ئەوەی ڤایرۆسی هەرەس لە حزبەکانەوە بگاتە گەل و دۆزەکەو بۆشایی کۆتایی بێتەئاراوە.

**دوای دابەشبوون و هەرەسی بزووتنەوەکە لە بنەڕەتەوە بە هۆی یاخیبوونی حزبییەوە، بزاڤ وەک پڕۆژەیەکی ستراتیژیی ئایندەی تازە دەردەکەوێت**



# هەڵسەنگاندنی
# داهاتی نەوت و گازی عێراق
# لە ساڵی ٢٠١٨دا



داهاتی نەوت نزیکەی ٨٤,٢٪ پێکدەهێنێت کە دەکاتە (٧٧,١٦٠تریلیۆن دینار)، هەروەها داهاتەکانی دیکەش جگە لە نەوتیش بە ١٥,٢٪ دەخەمڵێنرێت کە دەکاتە (١٤,٤٨٣ ترلیۆن دینار) لە بودجەی گشتیی ساڵی ٢٠١٨ی عێراق کە بریتییە لە (٩١,٦٣٤ تریلیۆن دینار)، خەرجیی گشتیی (نەفەقات) بە (١٠٤,١٥٨ تریلیۆن دینار) دەخەمڵێنرێت، هاوکات داهاتی نەوت لە پرۆژەی بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٩ بە نزیکەی ٨٢,١٪ دەخەمڵێنرێت کە دەکاتە (٨٦,٦٦٨ تریلیۆن دینار)و داهاتی دیکەی جگە لە نەوت نزیکەی (١٨,٩٠١ ترلیۆن دینار)ە لە بودجەی گشتیی ساڵی ٢٠١٩ی عێراق کە بە نزیکەی (١٠٥,٥٦٩ تریلیۆن دینار) پێشبینی دەکرێت. خەرجیی گشتی (نەفەقات) بۆ ساڵی ٢٠١٩ بە نزیکەی (١٢٨,٤٤٣ تریلیۆن دینار) دەخەمڵێنرێت. ئەمەش بە واتای ئەوەی کە خەرجییەکانی عێراق بە بڕی (٢٤,٢٨٥ ترلیۆن دینار) بۆ ساڵی ٢٠١٩ زیاددەکات بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٨، هەروەها داهاتی عێراق بە بڕی ١٣,٥٤٨ تریلیۆن دینار لە ساڵی ٢٠١٩ بە بەراورد بە داهاتی ساڵی٢٠١٨ بەرزدەبێتەوە. لەکاتێکدا کە کورتهێنانی بودجە لە ساڵی ٢٠١٨ بە نزیکەی (١٢,٥١٤ تریلیۆن دینار دەخەمڵێنرێت بە بەراورد بە کورتهێنانی پێشبینیکراوی ساڵی ٢٠١٩ بە نزیکەی (٢٢,٨٧٣ تریلیۆن دینار) .

لەخوارەوە بە کورتی و بە ژمارە چۆنێتیی دەستکاریکردنی داهاتی ساڵی ٢٠١٨ی نەوتی عێراق دەخەینەڕوو:

١- لە بودجەی ساڵی ٢٠١٨ی عێراقدا هاتووە کە رۆژانە ٣,٨٨٠,٠٠٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو فرۆشراوە، لەوانە ٣,٦٣٠,٠٠٠ ملیۆن بەرمیل لە عێراق و (٢٥٠ هەزار بەرمیل لە نەوتی هەرێم، نرخی نەوتیش بە ( ٤٦ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك خەمڵێنراوە).

٢- بودجەی ساڵی ٢٠١٨ ئاماژەی کردووە بەوەی کە( داهاتی نەوت ئەگەر لە پێشبینیکراو زیاتر بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخ، یان زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی خاو) ئەوا (پڕکردنەوەی کورتهێنان) کە بوونی هەیە بە ئەنجام دەگات کە بە( ١٢,٥١٤ تریلیۆن دینار) خەمڵێنراوە.

٣- بڕی نەوتی خاو کە لە ٩ مانگی ئەم ساڵ لەلایەن کۆمپانیای سۆمۆوە فرۆشراوەو وەزارەتی نەوتیش پشتراستی کردۆتەوە گەیشتۆتە (٩٥٣,٢٠٨,٠٩٥ بەرمیل نەوت) کۆی داهاتی ئەو نۆ مانگەش دەکاتە نزیکەی (٦٣,٨٥٩ ملیار دۆلار) بەرامبەر (٧٥,٤٨٢ تریلیۆن دینار).

**داهاتی عێراق بە بڕی ١٣,٥٤٨ تریلیۆن دینار لە ساڵی ٢٠١٩ بە بەراورد بە داهاتی ساڵی٢٠١٨ بەرزدەبێتەوە**

**داهاتی گشتیی ئەم ساڵی نەوت کورتهێنانی بودجە پڕدەکاتەوە کە بە (١٢,٥١٤ ترلیۆن دینار) خەمڵێنراوەو زیادەکەشی نزیکەی (١٣,٣٣٤ ترلیۆن دینار ) دەبێت**



## د.بێوار خنسی

**شیرەتکارێ ئاسایشا ئابوری یا پاراستنا هەرێما کوردستانێ**

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

لەبەر ڕۆشنایی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی خاو لە ماوەی ئەو نۆ مانگەدا لەنێوان(٦٠ بۆ ٧٤ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك)، واتا بە زیادەی(١٤ بۆ ٢٨ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك) بە بەراورد بە نرخی چەسپاو کە(٤٦ دۆلارە بۆ هەر بەرمیلێك لە بودجەی٢٠١٨، دیارە ئەو نەوتە بە بڕی(٣,٤٨٩ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا) فرۆشراوە، واتا بە کەمتر لە (١٤١ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا) لەو بڕەی دیاریکراوە لە بودجەی ٢٠١٨ کە بە ٣,٦٣٠ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا خەملێنراوە.

٤- سەرەڕای بەردەوام بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەئێستادا بۆ زیاتر لە ٧٤ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، ئەگەر داهاتی ئەو سێ مانگەی ماوەتەوە(تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم، کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩) بخەملێنرێت بە بەراورد بە سێ مانگی (تەمموز، ئاب، ئەیلول) کە بە (٢٣,٢٨٧ ملیاردۆلار) دەخەملێنرێت بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای سۆمۆ، ئەوا کۆی گشتیی داهاتی نەوتی ساڵی ٢٠١٨ دەبێتە (٨٧,١٤٧. ملیار دۆلار) ئەمەش بەپێی نرخی دۆلار بە (١١٨٢ دینار بۆ هەر دۆلارێك) دەکاتە نزیکەی (١٠٣,٠٠٨ تریلیۆن دینار)، واتا بە زیادەی (٢٥,٨٤٨ ترلیۆن دینار) لە خەملاندنی داهاتی نەوت بە( ٧٧,١٦٠ تریلیون دینار).

٥- داهاتی گشتیی ئەم ساڵی نەوت کورتهێنانی بودجە پڕدەکاتەوە کە بە (١٢,٥١٤ ترلیۆن دینار) خەملێنراوە زیادەکەشی نزیکەی (١٣,٣٣٤ ترلیۆن دینار ) دەبێت.

دەبوو ئەم زیادەیەی بودجەی ساڵی ٢٠١٨ بەسەر پارێزگاکان و هەرێمدا دابەش بکرایە، پشکی هەرێمیش (٪١٢,٦)ی ئەم زیادەیە کە دەکاتە (١,٦٨٠ ترلیۆن دینار).

٦- لە عێراق ١٤ پاڵاوتگەی نەوتی خام هەن، توانای ئەو پاڵاوتگانە نزیکەی ٩٠٠ هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، وێڕای ٤ پاڵاوتگەی دیکە کە لە واری دامەزرندناندان و توانای پاڵاوتنیان لە ڕۆژێکدا ٦٩٠ هەزار بەرمیلە، بۆیە کۆی توانای پاڵاوتگەکان لە ئایندەیەکی نزیکدا دەگاتە ١,٥٩٠ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

لەئێستادا بڕی پاڵاوتنی نەوتی خاو لە پاڵاوتگەکانی عێراق بە( ٦٠٠-٧٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا) دەخەملێنرێت، ئەمەش دەکاتە ٪٢٠,٦٦ ی کۆی بڕی فرۆشی نەوتی خاو، داهاتی بەدەستهاتوو لە پاڵاوتنی ئەم بڕە نەوتە دەکاتە نزیکەی (١٨,٠٠٤ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا). پشکی هەرێمیش لە داهاتی پاڵاوتنی نەوتی خاو نزیکەی (٢,٢٦٨ ملیار دولار) دەبێت، یان پێشکەشکردنی (بەرهەمە نەوتییەکان، وزەی کارەبا) کە بەرامبەری پشکی هەرێمە لە داهاتی پاڵاوتنی نەوتی خاو.

٧- کۆی پشکی هەرێم کە لە هەردوو بڕگەی (٦،٥)ی سەرەوە هاتووە بە(٣,٩٤٨ ملیار دۆلار) لە بودجەی زیادەی ئەم ساڵی عێراق دەخەملێنرێت.

٨- هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوور و ڕێککەوتننامەکان پشکی هەیە کە لە ئێستادا بە ٪١٧ لە کۆی داهاتەکانی عێراق خەملێنراوە، هەرچەندە بۆ ٪١٢,٦ کەمکراوەتەوە، لەوانەش داهاتی بەدەستهاتوو لە پاڵاوتنی نەوتی خاو، هەروەها لە فرۆشتنی غازی سروشتی، وێڕای فرۆشتنی بەرهەمە پترۆکیمیاوییەکان، بەڵام لە بودجەی گشتیی ساڵی ٢٠١٨دا تۆمارنەکراوە.

**● پوختەو سەرەنجام:**

١- زیانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە دەستکاریکردنی داهاتی نەوتی خاو و بەرهەمەکانی، هەروەها لە پیشەسازیی نەوت ساڵانە چەندین ملیار دۆلار دەبێت بەهۆی کۆمەڵێك هۆکار، دیارترینیان (نەبوونی دادپەروەری لە دابەشکردنی داهات، گەندەڵی، نەبوونی شەفافییەت و ڕاستگۆیی لەو ژمارانەی کە دەربارەی نەوت و بەرهەمەکانی) کە لە لایەنی پەیوەندیداری عێراقەوە بڵاودەکرێنەوە.

٢- نەبوون یان پشتگوێخستنی ڕۆڵی ئەنجومەنی پارێزگاو هەرێمەکان لەوانەش هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی فایلی نەوت و غاز، چونکە (٢١) دامەزراوەو کۆمپانیای کەرتی نەوت لە عێراقدا هەن، ئەمانە کارو چالاکییەکانیان بوارەکانی ڕاهێنان و توێژینەوەو دۆزینەوەو هەڵکۆڵین و بەرهەمهێنان و هەناردەرکردن و دابەشکردنی بەرهەمە نەوتی و غازییەکان دەگرێتەوە.

٣- دامەزراوە کارگێڕییەکان (شێوەو پێکهاتەکانیان) کە لەئێستادا لە عێراقدا پەیڕەوکراون لەگەڵ چەمکی (دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ)دا ناگونجێت، لەسایەی نەبوونی یاسای نەوت و غاز کە کەرتی نەوت بەڕێوەدەبات کە بەشێوەیەك لەگەڵ سیستەمی فیدراڵدا دەگونجێت.

٤- پشتگوێخستنی ڕۆڵی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان لە ئامادەکردن و ڕێکخستنی دەستنووسەکانی گشت بودجەکانی ساڵانی ڕابردووی عێراق کە ڕێك بکەوێت لەگەڵ دەستووری عێراق و ڕێککەوتننامە سیاسییەکاندا، هەروەها لەگەڵ ماف و تایبەتمەندیی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستاندا.

**هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوور و ڕێککەوتننامەکان پشکی هەیە کە لە ئێستادا بە ٪١٧ لە کۆی داهاتەکانی عێراق خەملێنراوە، هەرچەندە بۆ ٪١٢,٦ کەمکراوەتەوە**

**زیانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە دەستکاریکردنی داهاتی نەوتی خاو و بەرهەمەکانی، هەروەها لە پیشەسازیی نەوت ساڵانە چەندین ملیار دۆلار دەبێت**

**دوا پەیڤ**

بۆ ئەوەی هەڵەکان زیاتر دووبارەنەبنەوە و لێکەوتەکانیش قووڵتر نەبنەوە بۆ سەر سەرجەم جومگەکانی ژیان لەوانەش ئایندەی دەوڵەتی فیدراڵ، بۆیە پێویستە بەدواداچوون و چارەسەری بودجەی ساڵی ٢٠١٨ بکرێت لەلایەن پەرلەمانی عێراق و حکومەتی تازەو لایەن و دەزگا بەرپرس و پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە بودجەی دەوڵەت دەربارەی چۆنێتیی خەرجکردنی پارەو سامان و چارەسەرکردنی دەرهاویشتەکانی کورتهێنانی دارایی و چۆنێتیی دابەشکردنی زیادەی چاوەڕوانکراو لەم ساڵدا، کە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و زیادبوونی بڕی هەناردەرکردنی نەوتی خاو دێتەکایەوە، هەروەها لە ئەنجامی زیادبوونی بڕی نەوتی پاڵێوراو و فرۆشتنی غازی سرووشتی و بەرهەمە پیترۆکیمیاوییەکان و هەمەجۆریی بەشەکانی دیکەی دارایی جگە لە نەوت.

هەموو ئەمانە دوای ئەوە دەبێت کە پەرلەمان ڕەزامەندی بدات لەسەر راپۆرتی کۆتایی خەرجی و داهاتە تەواوەکانی بودجەی ئەم ساڵ (پێش بڕیاردان لەسەر پرۆژەی بودجەی ساڵی ٢٠١٩) ئەمەش دەبێتە زەمانەتێك بۆ بەڕێوەبردنێکی چاکتر و دوور لە بەهەدەردان و گەندەڵی کە لە ئەنجامی خراپ بەڕێوەبردن و لاوازیی ڕۆڵی دەزگا پەیوەندیدارەکان هاتۆتەکایەوە، بەتایبەتی لە چاودێریکردن و وردبینیکردنی بەشەکانی نەوت و هی دیکە، هاوکات کاراکردنی ڕۆڵی دامەزراوەکان لەسایەی حکومەتە تازەکە لە رووی بەڕێوەبردن و دابەشکردنی داهاتە داراییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و روون بۆ خزمەتی سەرجەم هاووڵاتیان لە پارێزگاکان و لەوانەش هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، هەروەها چارەسەرکردنی دەرهاویشتەکانی شەڕوشۆڕو ناسەقامگیری کە پێشتر و ئێستاش عێراق پێوەیان دەتلێتەوە.

**چارەسەر و پێشنیار:**

١- کاراکردنی ڕۆڵی پەرلەمان لە لیژنەکانی (نەوت، دارایی، دەستپاکی، وزە) بۆ بەدواداچوونی بەشەکان داهاتی عێراق و بەتایبەتیش داهاتی نەوت و غاز و بەرهەمەکانی دیکەی نەوت، چونکە ٨٥٪ی کۆی داهاتی عێراق پێکدێنێت.

٢- وردبینیی رۆژانەو مانگانە لەنێوان (بڕی بەرهەمهێنانی نەوت و بڕی هەناردەکردنی نەوت). وەزارەتی نەوت ئاماژەی بەوە کردووە کە بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە مانگی ئەیلوولدا گەیشتۆتە٤,٤٦٠) بەرمیل لە رۆژێکدا، لەکاتێکدا کە تێکڕایی بڕی هەناردەکراوی رۆژانەی نەوتی خاو گەیشتۆتە ( ٣,٥٦٠ ملیۆن بەرمیل، واتا بە جیاوازیی ٩٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، لە ئێستاشدا توانای پاڵاوتگەکان بە ٦٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا دەخەملێنرێت، بەڵام توانای بەرهەمهێنانی غاز بە ١٣٠ ملیۆن پێی سێجای پێوانەییە لە رۆژێکدا، لەوانە نزیکەی١٢٧٦ی بەکاردەبرێت و نزیکەی ١٨٥٤ی دەسووتێت و بەهەدەر دەچێت.

٣- بڕیارنەدانی پەرلەمان لەسەر پرۆژەی بودجەی عێراق بۆ ساڵانی داهاتوو لەوانەش بۆ ٢٠١٩ پێش ڕەزامەندی لەسەر راپۆرتی کۆتایی خەرجی و داهاتەکانی کردەنیی ساڵی ٢٠١٨.

٤- ئەکتیڤکردنی دامەزراوە دەستوورییەکان کە داهاتی عێراق رێك دەخەن و چاودێریی دەکەن و دابەشی دەکەن بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر هەموو پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان، ئەمەش دەبێتە هەنگاوێکی پراکتیکی و کاریگەر بۆ کەمکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی بوونەتە هۆی تەشەنەکردنی دیاردەی گەندەڵی و بەرتیل بە هەموو شێوەکانیانەوە.

٥- کاراکردنی ڕۆڵی ئەنجومەنی پارێزگاکان و ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی عێراق لە بەڕێوەبردنی بەشەکانی داهاتی نەوت و ئەوانی دیکەی جگە لە نەوتی عێراق بەشێوەیەکی گشتی، بەتایبەتیش لە کەرتی نەوت و بەرهەمەکانی (هەناردەکردن و پاڵاوتن و پیشەسازیی نەوت و غاز)دا.

٦- کارکردن بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و غاز لە عێراق کە سیستەمێکی نوێ دەستنیشان دەکات لە بەڕێوەبردنی دەزگاو کۆمپانیاکانی نەوت و غاز بە شێوەیەك لەگەڵ دەستوور و چەمکی سیستەمی فیدراڵیدا بگونجێت.


**تێبینی:**

بەم دواییە وەزارەتی دارایی رایگەیاند کە بودجەی ساڵی ٢٠١٩ی عێراق بە ١٣٢ ترلیۆن دینار دەخەملێنرێت لەجیاتی ١٢٨,٤٤٣ ترلیۆن دینار و کورتهێنانیش بە ٢٧ ترلیۆن دینار لەجیاتی٢٢,٨٧٣ ترلیۆن دینار، واتا بە زیادەی ٥ ترلیۆن دینار وەك ئەوەی لە پرۆژەی ڕەشنووسی بودجەی ساڵی ٢٠١٩ لەلایەنی حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی تۆمارکراوە، سەیرە چۆن لە ماوەی چەند رۆژێکدا ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە لە قەبارەی بودجە روویدا، دوای ئەوەی ڕەشنووسی بودجەکە لە حکومەتی پێشووەوە بۆ حکومەتی تازە گوازرایەوە.

**بۆ ئەوەی هەڵەکان زیاتر دووبارەنەبنەوە و لێکەوتەکانیش قووڵتر نەبنەوە بۆ سەر سەرجەم جومگەکانی ژیان لەوانەش ئایندەی دەوڵەتی فیدراڵ، بۆیە پێویستە بەدواداچوون و چارەسەری بودجەی ساڵی ٢٠١٨ بکرێت**

**توانای بەرهەمهێنانی غاز بە ١٣٠ ملیۆن پێی سێجای پێوانەییە لە رۆژێکدا، لەوانە نزیکەی١٢٧٦ی بەکاردەبرێت و نزیکەی ١٨٥٤ی دەسووتێت و بەهەدەر دەچێت**

دیمانەی تایبەت



**ستیڤن سیمباڵا**

**تایبەتمەندی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:**

# پاساوی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی ئەمریکا دەست لە هەژموونخوازیی جیهانی هەڵبگرێت

**ستێفن سیمباڵا پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی پەنسلڤانیا ستەیت، خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوەیە لە بواری دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی، سیاسەتی بەرگری و چەکە ناوکییەکان و کۆنترۆڵی چەك و بواری هەواڵگری، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها راوێژکاری چەند دەزگایەکی حکومەتی ئەمریکا بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە رەوشی ئێستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ، بەتایبەتی لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەرەکانی هەڵکشانی بارگرژی لەنێوان هێزە جیهانییەکان و چەند پرسێکی پەیوەندیداری دیکە.**

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین بۆچوونی ئێوە لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە چییە؟**

- لە راستیدا سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ هێشتا لە پەرەسەندن و گەڵاڵەبووندایە، ئەوەی بەدی دەکرێت هەوڵی دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەتی ئیدارەی ئۆبامایە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵام ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین ئایا دەقاودەق بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات، ئەوا ئەمە هێشتا بە تەواوەتی روون نییە.

*** ئاماژەت بە دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەتی سەردەمی ئۆباما کرد لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، ئایا مەبەستتان ئەوەیە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا سیاسەتێکی تەواو جیاواز دەگرێتەبەر، یان دەخوازێت درێژە بە سیاسەتی ئیدارەی پێشوو بدات؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێت لە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەند پێکهاتەیەکی سەرەکین، یەکێکیان بریتیە لە پەیوەندییە بەرەوپێشچووەکانی نێوان ئەمریکا و سعودیە، یەکێکی دیکەیان بریتییە لە هەوڵی گۆشەگیرکردنی ئێران لە رووی دیپلۆماسییەوە. پێکهاتەیەکی دیکەی ئەم سیاسەتە خۆبەدوورگرتنە لە تێوەگلان لە شەڕێکی گەورەی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** باسی هەوڵی ئەمریکاتان کرد بۆ گۆشەگیرکردنی ئێران لە رووی دیپلۆماسییەوە، کە ئێمە دەبینین هەوڵەکانی زیاتر لە رێی دروستکردنی فشاری ئابوورییەوە ئەنجام دەدات، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییەو ئایا پێتانوایە ئەمە تا رادەیەك شێوازێکی کاریگەرە؟**

- من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا بە تەنیا رێکاری ئابووری گرتۆتەبەر، بەڵکو هەوڵەکانی ئەمریکا تێکەڵێکن لە رێوشوێنی ئابووری و رێکاری دیپلۆماسی و سەربازی، چونکە ئێمە دەزانین ئەمریکا هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانێتی دەدات لە ناوچەکەدا بۆ گۆشەگیرکردنی ئێران، لە هەمان کاتدا رێکاری ئابووریشی گرتۆتەبەر لە نێویاندا سزای ئابووری، هەروەها ئەم پرسە لایەنێکی دیکەشی هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەمریکا بانگەشەی ئەوە دەکات ئێران پابەند نەبووە بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە، ئەگەرچی شارەزایان پێیانوایە ئێران پابەندبوونەکانی خۆی جێبەجێ کردووە.

*** ئەی پێتوایە تا چەند ئەمە چەشنە سیاسەتە ئامانجە خوازراوەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، چونکە جێبەجێکردنی هەر سیاسەتێکی دەرەکی، پێویستی بە دواداچوون هەیە، واتە بوونی ئایدیای باش بە تەنیا بەس نییە. واتە جیاوازی هەیە لەنێوان داڕشتن و گەڵاڵەکردنی سیاسەت و جێبەجێکردن و پیادەکردنیدا، کەواتە کێشەکە ئەوەیە کەسانێکی زۆر هەن کە بۆچوون و ئایدیای باشیان هەیە لەبارەی چۆنیەتی دووبارە داڕشتنەوەی

**بۆ یەکەمجارە لە مێژوودا زۆربەی دانیشتووانی سەر رووی زەوی سەر بە چینی ناوەڕاستن، بە واتای ئەوەی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر توانراوە لە سەدەی رابردودا رێژەی هەژاری کەم بکرێتەوە**

**هەمیشە مەترسیی ئەوە هەیە کە سەرۆک و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا تەنیا لەبەرامبەر رووداوەکاندا کاردانەوەیان هەبێت، بە بێ بوونی چوارچێوەیەکی پێشوەختە کە بەرچاوڕوونیان پێ بدات**

**هەڵکشانی هێزی رووسیا بیرخەرەوەی گرنگبوونی ناتۆیە، هەروەها ئەمە بیرخەرەوەی ئەرکە بنەڕەتییەکەی ناتۆیە، کە بریتییە لە بەرگریکردن لە ئەوروپای ئازاد و دیموکرات**

**پێشنیاری ئەوە دەکەن ئەمریکا سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی لەسەر بنەمای ریالیزم بنیاد بنێتەوە، واتە ئامادە بێت بەرگری لە بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی خۆی بکات و کار لەگەڵ هاوپەیمان و هاوبەشەکانیدا بکات**

**ئەوەی ناتوانین ئەنجامی بدەین سەپاندنی شێوازێکی رۆژئاواییە بەسەر وڵاتان و کەلتووری ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئیدی پەیوەست بێت بە بواری سیاسی، یاخود ئابووری یان سەربازییەوە**

پەیوەندییەکانی ئەمریکا بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیاوە، بەڵام ئەم کارە پێویستی بەوە هەیە کە کۆدەنگییەك لەنێو لایەنە جیاوازەکانی حکومەتی ئەمریکا دروست بکەن لەم بارەیەوە، کە ئەمەش کارێکی قورسە. دواتر هەروەك ئێوە لە من باشتر دەزانن، ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوچەیەکی ئاڵۆزە و هاوپەیمانێتیەکانی تێیدا بە بەردەوامی دەگۆڕێن و چەند بارودۆخێك هەن لەم ناوچەیە، وەك سووریا، کە بە شێوەیەکی نائومێدکارانە ئاڵۆزە، بە چەشنێك لەوە دڵنیانین ئایا هیچ چارەسەرێکی سیاسی و هەمەلایەن هەیە بۆ ئەو قەیران و ئاڵۆزییە. لەم روانگەیەوە پێموایە دۆناڵد ترەمپیش، بە چەشنی سەرۆکەکانی پێش خۆی، درك بەوە دەکات کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ناتوانێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا موعجیزە بخولقێنێت، واتە دەبێت لەگەڵ بارودۆخەکەدا مامەڵە بکەیت و پشوودرێژ بیت بۆ ئەوەی ئەوەندەی لە تواناتدایە باشترین رێککەوتن بەدی بهێنیت.

*** بە شێوەیەکی گشتی ئایا پێتوایە دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە داکشاندایە؟ ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمریکا گۆڕەپانەکەی بۆ هێزەکانی دیکە چۆڵ کردووە؟**

- بە شێوەیەکی گشتی پێموایە باشترین ستراتیژیەت ئەوەیە کار لەگەڵ سەرکردەکانی ناوچەکەدا بکرێت، واتە لەگەڵ هاوپەیمانەکان و ئەو لایەنانەی دیکە کە مەرج نییە هاوپەیمان بن، بەڵام ئامادەی هاوکاریکردنن لە بوارێکی دیاریکراودا. بەڵام ئەوەی ناتوانین ئەنجامی بدەین سەپاندنی شێوازێکی رۆژئاواییە بەسەر وڵاتان و کەلتووری ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئیدی پەیوەست بێت بە بواری سیاسی، یاخود ئابووری یان سەربازییەوە، چونکە دەرکەوتووە و سەلمێندراوە کە ئەمە سەرکەوتوو نابێت. چونکە ئەمە ناوچەیەکی ئاڵۆزە- هەروەك ئاماژەم پێکرد-، ئێوە بڕواننە کەیسی کوشتنی جەمال خاشوقچی، کە ناکۆکی لە نێوان سعودیە و تورکیادا دروست کردووە کە هەردوکیان هاوپەیمانی ئەمریکان. ئەمەش دۆخێکی دیپلۆماتیی مەترسیدارە بۆ ئەمریکا، چونکە ئێمە پەیوەندی بەتینمان لەگەڵ سعودیە هەیە و تورکیاش ئەندامی ناتۆیە.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسی بەکارهێنانی سزای ئابووری لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە، ئەوا دەبینین رێکاری ئابووری دژی دۆستەکانیشی بەکار دەهێنێت، وەك تورکیا، لێکدانەوەی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، چونکە راستە تورکیا هاوپەیمانی ئەمریکایە، بەڵام بۆچوونی جیاوازیشان لەنێواندا هەیە، بۆ نموونە لەبارەی کوردەوە، بەتایبەتی کوردی سووریا، کە تورکیا بە دوژمنیان دەزانێت، بەڵام ئێمە بە هێزێکی دۆستیان هەژمار دەکەین. ئەمەش کێشەیەکە کە دەبێت چارەسەر بکرێت. کەواتە ئەمە ناوچەیەکە دژوارە کە ناتوانێت سیاسەتێکی جێگیر و بەردەوامی تێدا پیادە بکەیت.

*** باشە بە تێڕوانینی ئێوە ئەمریکا دەیتوانی چ شتێکی جیاواز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنجام بدات؟**

- من دەمەوێت لەم رووەوە ئاماژە بە بۆچوونی دوو توێژەر بکەم- جۆن میرشایمەر و ستێڤن وۆڵت-کە هەردووکیان پێیانوایە پێویستە ئەمریکا بە ستراتیژیەتەکانی خۆیدا بچێتەوە و پێویستی بەوە هەیە دەست لە ستراتیژیەتی جیهانی هەڵبگرێت و، خۆی بە دوور بگرێت لە گرتنەبەری ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن هەژموونی لیبراڵی، هەژموونی لیبراڵییش بە مانای ئەوە دێت کە ئەمریکا هەوڵ بدات دیموکراسی و ئابووریی بازاڕ و شێوازەکانی دیکەی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت. لەبری ئەوە پێشنیاری ئەوە دەکەن ئەمریکا سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی لەسەر بنەمای ریالیزم بنیاد بنێتەوە، واتە ئامادە بێت بەرگری لە بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی خۆی بکات و کار لەگەڵ هاوپەیمان و هاوبەشەکانیدا بکات. واتە دەکرێت ئەمریکا کار بۆ پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی هەندێ ناوچەی گرنگ بکات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان ئاسیا، بەڵام نابێت ئەمریکا هەڵگری پرۆژەی هەژموونخوازی جیهانی بێت. کە پێموایە پاساوی بەهێزیشیان هەیە بۆ بۆچوونەکەیان. چونکە ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ستراتیژیەتی دەرچوونی ئێمە لە وڵاتێکی وەك ئەفغانستان چییە؟ ئایا

ئێمە پابەندین بە هێشتنەوەی هێزەکانمان لەو وڵاتەدا بۆ هەتا هەتایە؟ ئەگەر ئامادەشین ئایا مەترسییەکان چین؟

*** ئێوە وانەبێژی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانن، ئایا پێتوانیە ئێستا دۆخی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە چ بارێکدایە و ئایا ئێستا گەڕانەوەی ململانێی هێزە جیهانییەکان سەریهەڵداوەتەوە؟**

- بەڵێ، هەر ئەمەش کە ریاڵیستەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، واتە ئەوان پێیانوایە پێویستە تەرکیز لەسەر ئەو تەحەددیە بکەین کە هێزە جیهانییەکان دروستی دەکەن و نابێت خۆمان سەرقاڵ بکەین بە سەپاندنی ئیرادەی ئەمریکا بەسەر تەواوی جیهانەوە. من دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ پرسیاری پێشوو و دەپرسم ئایا ئامانجی کۆتایی ئەم سیاسەتەی ئەمریکا چییە؟ بۆ نموونە ئایا ئامانجی کۆتایی ئێمە لە ئەفغانستان چییە؟ کە بە زەحمەت لێدوانێکی قەناعەتپێهێنەرت گوێ لێ دەبێت لەم بارەیەوە. زۆر کەس دەڵێن لەو وڵاتەدا دەمێنینەوە، هەروەك چۆن لە کۆریای باشوور یان یاباندا ماوینەتەوە، بەڵام پێموانییە زۆربەی ئەمریکییەکان ئەمە قبووڵ بکەن.

*** بەڵام لەلایەکی دیکە زۆر کەس رەخنە لە ئیدارەی ترەمپ دەگرێت بەوەی دەستی لە بەرپرسیارێتی و سەرکردایەتیکردنی جیهان هەڵگرتووە، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە راستیدا ئەمە زیاتر لە لێدوانەکەی ترەمپ لە بارەی ناتۆوە — کە ئاماژەی بەوەکرد ناتۆ بەسەرچووە- سەرچاوەی گرتووە، کە پێموایە ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ترەمپ تێگەیشتنێکی روونی نییە بۆ رۆڵی مێژوویی ناتۆ لە سەروەختی شەڕی سارد و دواتردا، بەڵام پێموایە بۆچوونەکانی بەرەوپێش دەچن لەو بارەیەوە. چونکە راوێژکارە سەربازییەکان گرنگیی ناتۆی بۆ روون دەکەنەوە. دواتر دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هەڵکشانی هێزی رووسیا بیرخەرەوەی گرنگبوونی ناتۆیە، هەروەها ئەمە بیرخەرەوەی ئەرکە بنەڕەتییەکەی ناتۆیە، کە بریتییە لە بەرگریکردن لە ئەورووپای ئازاد و دیموکرات.

*** کەواتە پێتوایە ئیدارەی ترەمپ لەسەر بنەمای بە هەڵەتێگەیشتن لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کاروبارە دەرەکییەکانی ئەنجام دەدات؟**

- من دەڵێم هەمیشە مەترسیی ئەوە هەیە کە سەرۆك و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا تەنیا لەبەرامبەر رووداوەکاندا کاردانەوەیان هەبێت، بە بێ بوونی چوارچێوەیەکی پێشوەختە کە بەرچاوڕوونیان پێ بدات بۆ هەنگاوەکانیان. بە چەشنی ئەوەی ئێمە ستراتیژیەتی ئیحتیواکردنمان هەبوو لە سەروەختی شەڕی سارددا، بەڵام ئێستا ستراتیژیەتێك لەم چەشنە بەدی ناکرێت. هەرچەندە رەنگە هۆکاری نەبوونی ئەم چوارچێوە و ستراتیژیەتەش بریتی بێت لەوەی کە تەحەددییەکانی ئەم رۆژگارە زۆر ئاڵۆزن، چونکە تەحەددییەکە تەنیا هێزە جیهانییە هەڵکشاوەکان نین، بەڵکو بوونی کاراکتەری غەیرەدەوڵەتیشن، لە نێویاندا تیرۆریستەکان، هەروەها ئێمە دەبێت مامەڵە لەگەڵ چەندین دەوڵەتی شکستخواردوو و پانتایی حکومڕانی نەکراودا بکەین، کە بوونەتە مۆڵگەی تیرۆریستان. بۆ نموونە، سۆماڵ. دواتر هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەرکی قورسی حوکمڕانی جێبەجێکردنە، واتە بوونی بیرۆکەی باش بە تەنیا بەس نییە. بۆ نموونە، ئێمە ئەم حاڵەتە لە عێراقدا لە دۆخی دوای شەڕدا- پاش رووخانی سەدام حوسێن- بەدی دەکەین.

*** لە سەر بنەمای ئەو شرۆڤەکارییانەی خستتانەڕوو، ئایا گەشبینی بە ئایندەی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان، یان پێتوایە کێشە و تەحەددییەکان زۆر ئاڵۆزن بە چەشنێك کە بواری گەشبینی نەماوەتەوە؟**

- من دەڵێم هەواڵی خۆش و هەواڵی ناخۆشیش هەیە. هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە بۆ یەکەمجارە لە مێژوودا زۆربەی دانیشتووانی سەر رووی زەوی سەر بە چینی ناوەڕاستن، بە واتای ئەوەی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر توانراوە لە سەدەی رابردودا رێژەی هەژاری کەم بکرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەو وتەیەی ئەفلاتۆنمان لەبەرچاو بێت کە دەڵێت تەنیا مردووەکان کۆتایی شەڕیان بینیوە، کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی بوونی زیاتر لە ١٨٠ دەوڵەت و قەوارەی دیکە، کە بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکدا، ئەوا سەرهەڵدانی ناکۆکی نێودەوڵەتی شتێکی حەتمییە و هەندێ جاریش ئاراستەیەکی مەترسیدار وەردەگرێت.

**دۆناڵد ترەمپیش، بە چەشنی سەرۆکەکانی پێش خۆی، درک بەوە دەکات کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ناتوانێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا موعجیزە بخوڵقێنێت**

**لەبەرچاوگرتنی بوونی زیاتر لە ١٨٠ دەوڵەت و قەوارەی دیکە، کە بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکدا، ئەوا سەرهەڵدانی ناکۆکی نێودەوڵەتی شتێکی حەتمییە و هەندێ جاریش ئاراستەیەکی مەترسیدار وەردەگرێت**

**راستە تورکیا هاوپەیمانی ئەمریکایە، بەڵام بۆچوونی جیاوازیشان لە نێواندا هەیە، بۆ نموونە لەبارەی کوردەوە، بەتایبەتی کوردی سووریا، کە تورکیا بە دوژمنیان دەزانێت، بەڵام ئێمە بە هێزێکی دۆستیان هەژمار دەکەین. ئەمەش کێشەیەکە کە دەبێت چارەسەر بکرێت**

**کەسانێکی زۆر هەن کە بۆچوون و ئایدیای باشیان هەیە لەبارەی چۆنیەتی دووبارە داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیاوە، بەڵام ئەم کارە پێویستی بەوە هەیە کە کۆدەنگییەک لە نێو لایەنە جیاوازەکانی حکومەتی ئەمریکا دروست بکەن**

# مرۆڤ ئەو بوونەوەرە پیرۆزە

خوای گەورە مرۆڤی لەسەر جوانترین شێوە دروست کردووە، دواتر رێزی لێ ناوە، ئەم رێزلێنانەش بۆ خودی مرۆڤە بە چاوپۆشی لە بیروباوەڕ، یان ئایین، یان ئایینزا، ئەم رێزلێنانەش گەیشتۆتە قۆناخی پیرۆزبوون، چونکە خوا مرۆڤی بە پیرۆزترین خوڵقێنراوی خۆی داناوە، کوشتنی مرۆڤیشی بە تاوانێکی گەورەتر لە رووخاندنی کەعبە هەژمار کردووە، لە بەڵگەکانی ئەو پیرۆزییەش ئەوەیە کە مرۆڤی لە ئیرادە ئازاد کردووە، ئەوەی حەزدەکات با باوەڕبێنێت و ئەوەی حەزیش دەکات با کوفر بکات، ئایین بە زۆرەملێ نابێت، بەڵکو زۆرەملێ تاوانێکە دەرحەق مرۆڤایەتی، هەر کەسێك بەزۆر بێتە نێو ئایینێکەوە لە رووی شەرع و عەقڵیشەوە لێی قبووڵ ناکرێت، تەنانەت فەقیهانی ئیسلام فتوایان داوە کە ئەو کەسە بڕواکەشی درووست نییە، لە سەردەمی (حاکم بأمر اللە) زۆر لە مەسیحییەکان بەزۆر هێنرانە نێو ئیسلامەوە، بەڵام دوای هاتنی خەلیفە زاهیر رێگەیان پێ درا بگەڕێنەوە سەر ئایینەکەی خۆیان، چونکە لە ترسان و بە زۆرەملێ ئیسلام ببوون، نەك بە ئارەزووی خۆیان و بە قەناعەتەوە.

**خوا مرۆڤی بە پیرۆزترین خوڵقێنراوی خۆی داناوە، کوشتنی مرۆڤیشی بە تاوانێکی گەورەتر لە رووخاندنی کەعبە هەژمار کردووە**

هەموو ئایینەکان بۆ رێنوێنیکردنی مرۆڤایەتیی بۆ سەر رێگای دروست دابەزیون، بۆشاییەك لەنێو بوونی مرۆڤدا پڕدەکەنەوە، مرۆڤ ناتوانێت بێ ئایین بژییێت، ئەگەر واش ژیا، هەروەك هەندێك کەس دەڵێن ئەوە راست نییە، چونکە ئەوەی دەیڵێت خۆی لە خۆیدا ئایینە، بێ ئایینییش هەر ئایینە بۆ ئەو کەسەی ئایینی نییە، بلۆتارخ مۆرالس Plu-tarch Morals دەڵێت: چەندین شار بێ شورا، یان بێ پاشا، یان بێ شارستانی، یان بێ شانۆ دەبینین، بەڵام مرۆڤ هەرگیز شارێکی نەدیوە بێ پەرستگا و پەرستارز

ڤۆلتێری فەرەنسی دەڵێت: ئەگەر خوا نەبوایە، دەبوو خۆمان دامانبهێنایە.

هیچ شتێك رکابەریی ئایینی پێ ناکرێت لە رووی کاریگەرییەوە بۆ سەر تاك و کۆمەڵگەکان، رەنگە کاریگەرییەکەی نەرێنی بێت، یانیش ئەرێنی، کاریگەریی ئایین ئەرێنی دەبێت، کاتێك ئەو ئایینە ئازاد بێت لەوەی کێ دێتە ناویەوە، لە رووی لێکدانەوەو شرۆڤەکردن و روونکردنەوەوە، نەرێنییش دەبێت کاتێك مرۆڤ دەستوەرداتە لێکدانەوەی دەقەکان و شرۆڤەکردنیان بە ئارەزووی خۆی، ئەمەش وای کردووە کە زۆربەیان روو لە بێدینی و یاخیبوون لە ئایین و پەیڕەوکارانی بکەن، چونکە ئایینیان شێواندووەو کردوویانەتە سرووت و بیروباوەڕی وشك و قورس،



د.عەرەفات کەرەم ستونی
بۆ گوڵان نووسیویەتی

کە هیچ کارناکاتە سەر خودی مرۆڤەکان لە سەردەمی شارستانی و پێشکەوتندا، نیچەی فەیلەسوف کاتێ نەخۆش دەبێ، بە خوشکەکەی دەڵێت: بانگی قەشە مەکە بێتە سەر گۆڕم و بە قسەی پڕوپووچ و درۆ قسەبکات، لەکاتێکدا کە من ناتوانم داکۆکی لەخۆم بکەم، دەمەوێت بە بتپەرستێکی شەریف بنێژرێم.

تۆماس هکسلی Thomas Henry Huxley کە هاوڕێی داروینە بە قەشە سوابی سام Soapy Sam لە کۆڕبەندێکدا کە زانکۆی ئۆکسفۆرد سازی کردبوو، دەڵێت: من پێم باشترە کە باپیرم مەیموون بێت، نەك قەشە. مێژوونووسێکی عەرەبیش باسی کردووە کە تەنیا لە پاریس پەنجا هەزار بێدین هەبوون لە سەدەی حەڤدەیەمدا، رەنگە رەقترین وەسف بۆ ئایین ئەوە بێت کە کارل مارکس گوتوویەتی: ئایین ئەفیونی گەلانە.

کەموکورتییەکە لە خودی ئاییندا نییە، ئایین سرووشێکی خودایی بێخەوشە و گومان لە راستی و راستەقینەییدا نییە، بەڵام کەموکورتییەکە لەوانەدایە کە خۆیان بە وەکیلی خوا لەسەر زەوی دەزانن، خۆیان وا داناوە کە واژۆیان لەجیاتی ئەو کردووە، فیتوا بەبێ زانست دەدەن، خەڵکەکە تووشی سەرسوڕمانی ئایینەکەیان دەکەن، بەهۆی ئەو هەموو لێکدانەوەی مرۆڤەکان و فیتوا نەریتییە وشکەکان ئایین بۆتە چەند ئایینێك، دەبینین هەر ئایینێك ئایینزاگەلی خۆی هەیە، هەر ئایینزایەکیش قوتابخانەی هەیە، هەر قوتابخانەیەکیش پیاوی خۆی هەیە، هەموو پیاوێکیش لایەنگرو پەیڕەوکاری هەیە، ئەو پەیڕەوکارانە یان میانڕەون کە بەزەیین بۆ کۆمەڵگە، یان توندڕۆن و توندڕۆییش بارگرانی و ئاژاوەیە، لە گەرمەی ئەو جیاوازییانەدا چۆن دەکرێ ئایین ئاسەواری رۆحی و ویژدانی لە کۆمەڵگەکاندا بەجێ بهێڵێت؟ ئەگەر یەك ئایین چەندین ئایینزای هەبێت، ئەوا ئایینی زۆریش لە جیهاندا بوونیان هەیە، هەر ئایینێکیش ئایینزای هەمەجۆری هەیە، هەر ئایینزایەکیش خۆی بە حەقتر لەوی دیکە دادەنێت و دووبەرەکی و جیاوازی لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەبینین لە یەهودییەتدا ئایینزای جیاواز هەن، وەك (یەهودییەتی چاکسازی Reform Judaism، یەهودییەتی ئەرسەدۆکسی (الحریدیم) Orthodox Judaism، یەهودییەتی پارێزگار Conservative Judaism).

لە مەسیحیشدا (کاسۆلیك و پرۆتستانت و ئەرسەدۆکس) هەن، لە ئیسلامیشدا (رەوتی

**ئەبو حامد غەزالی دەڵێت: هەموو شتە چاکەکانی ئایین و بەهاکانی رەوشت بەری خۆشەویستین، ئەوەی خۆشەویستی بەرهەمی ناهێنێت، بریتییە لە پەیڕەوکردنی حەز کە ئەویش بێ بەهاترینی رەوشتە**

**ئاشتیی نێوان ئایینەکان بناغەی ئاشتیی گەلانە، قوتابخانەی سۆفیگەراییش لە هەموو ئایینەکاندا ئەم درووشمەیان بەرزکردۆتەوە**

**لەو وێرانکارییەی عێراق، سووریا، لیبیا و ئەفغانستان، ژمارەی موسڵمانان کە بە دەستی گرووپە ئیسلامییە توندڕۆکان کوژراون، زیاترە لەوانەی کە بە دەستی غەیری موسڵمان کوژراون**

**ئەو گرووپە ئیسلامییە توندڕۆیانە لە منداڵدانی کەلەپوورێکی فیقهی نەریتی لەدایکبوون، دوای تێگەیشتنێکی سەقەتی دەقەکانی ئایین و لێکدانەوە بەپێی ئارەزوو، کە ئەمانەم بە دژی ئایین ناو بردووە**

نەریتی و نامۆخوازی و نوێخوازی) هەن، ئەم ئایینزایانە لە ئەنجامی جیاوازییە لە لێکدانەوە بۆ دەقەکانی ئایین، کە من دەمەوێ باسی بکەم، هەموو ئایینەکان چ ئاسمانی، یان دانانی بن، سێ ئایینزایان هەیە، نەك چوار، ئەم ئایینزایانە بەپێی وێناکردن و لێکدانەوەی مرۆڤ پێکدێت بۆ سرووشتی دەقەکانی ئایین، هەندێك بە شێوەیەکی نەریتی لە دەقەکان تێدەگات و بە لێکدانەوەکانی قایل نابێت، هەرچەندە هەلومەرجەکان پەرەبسەنن، یان جیاواز بن، ئەم ئاراستە لە فیکری ئاییندا بە ئایینزای نەریتی Traditionalist Orthodox ناودەبرێت، ئەم قوتابخانە نەریتییە لە هەموو ئایینەکاندا هەیە، هەندێك دەیانەوێت بەپێی پێشهاتەکانی ژیان لێکی بدەنەوە، دەقەکانی ئایین لە واتاکانیان دادەبڕێن، لایەنی گومان لە دەقەکاندا بەسەر لایەنی لێکۆڵینەوەدا زاڵ دەبێت، ئەمەش بریتییە لە قوتابخانەی نامۆخوازی westernization کار گەیشتە ئەوەی کە هەندێکیان گومان لە دەقەکانی ئاییندا بکەن، وەك دیڤید شتراوس David Strauss کە نامەیەکی دەربارەی ژیانی حەزرەتی مەسیح The Life of Jesus نووسی تایبەت بە گومانکردن لە کەسایەتیی ئەو، کە تەنیا ئەفسانەیەکی مێژووییە، لە یەهودییەتدا قوتابخانەی بەرنامەی دانانی مێژوویی ڕەخنەگرتن لە کەلەپووری ئیسرائیلی دامەزرا، پێی دەگوترێت قوتابخانەی دانانی مێژوویی Positive Historical School.

لە ئیسلامدا دکتۆر تەها حوسێن و عەبدولڕەحمان بەدەوی و جەلال ئەمین بوونیان هەیە، دکتۆر تەها حوسێن لە کتێبەکەیدا (فی الشعر الجاهلی) گومانی کردووە لە سەربردەی ئیبراهیم و ئیسماعیل لەگەڵ ئەوەی کە ئەم سەربردەیە لە تەورات و قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە.

بەڵام ئاراستەی سێیەم لەنێوان توندخوازیی قوتابخانەی نەریتی و نەرمونیانیی قوتابخانەی نامۆخوازییە، ئەم قوتابخانەش بە قوتابخانەی نوێخوازی دەناسرێت، کە هەوڵدەدات گومان لە دەقە راستەکان نەکرێت، بەڵکو پەنادەباتە بەر لێکدانەوەیان بە شێوەیەکی لۆژیك، ئەم سێ قوتابخانەیە دیاردەیەکی سرووشتییە لە هەموو ئایینەکاندا، بەڵام تێبینی دەکرێت کە ئەم هەموو قوتابخانانە نەیانتوانیوە بەر بە شەپۆلی توندوتیژی و تیرۆری فیکری و ئایینی بگرن لەنێو کۆمەڵگەکانیاندا، بەڵکو زیاتر بوون، ئەمەش وایکردووە کە ئەو کۆمەڵگەیانە بەدەست شەڕی ئایینی و ئایینزایی بتلێنەوە کە بە درێژایی مێژوو روویانداوە، بۆ نموونە شەڕی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانت کە سی ساڵ بەردەوام بووە، لە ساڵی ١٦١٨ی زایینی دەستی پێکردو لە ساڵی ١٦٤٨ی زایینی کۆتایی هات، دوای ئەوەی ئەم شەڕە، ئابووریی ئەڵمانیای بە پەیماننامەی فیستگالیا خاپوورکرد، هەروەها فەرەنساش لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدەیەمدا چەندین شەڕی ئایینی بەخۆیەوە بینی کە ئەو وڵاتەی پارچەکرد لە نێوان هۆگۆنتی چاکخوازان و کاسۆلیکدا، کاسۆلیك لە قەسابخانەی سانت بارتملی سەدهەزار مرۆڤی لە پرۆتستانت کوژراوە، وەك لەو شەڕەی کە کاسۆلیك دژی پرۆتستانتی زێدەڕۆی چاکخوازی بەرپایان کرد سەدو شەست هەزار کەس کوژران، لە ئیسلامیشدا دەریایەك خوێنمان بینیوە کە بەهۆی قاعیدەو داعشەوە رژا، بڕوانە ئەو وێرانکارییەی عێراق و سووریاو لیبیاو ئەفغانستان، موسڵمانان کە بە دەستی گرووپە ئیسلامییە توندڕۆکان کوژراون، زیاترە لەوانەی دیکە کە بەدەستی غەیری ئەوانە کوژراون، ئەم گرووپە ئیسلامییە توندڕۆیانە لە منداڵدانی کەلەپوورێکی فیقهی نەریتی لەدایکبوون، دوای تێگەیشتنێکی سەقەتی دەقەکانی ئایین و لێکدانەوە بەپێی ئارەزوو، ئەمانەم بە دژی ئایین ناو بردووە.

ئەگەر مەیلی مرۆیی Humanism کە یەکەمجار لە ئیتاڵیا دەرکەوت لەنێوان سەدەی پێنجەم و شازدەیەمی زایینیدا بانگەشەی ئەوە بکات کە مرۆڤ بە پێوانەی هەموو شتێك دابنێت، ئەمەش بۆ ئەوەی مرۆڤ لە هەژموونگەرایی کەنیسەی کاسۆلیك رزگاربکات، ئەو توانی هەیبەتی کەنیسەی کاسۆلیك تێکبشکێنێت، جورئەتیشی دا بە بیرمەندان بۆ رەخنەگرتن لە هەندێ رێنمایی کەنیسە، هەر وەکو لە لۆسەری ئەڵمانیدا دیارە، ئەم ماوەیە واتا لە نێوان هەردوو سەدەی

پێنجەم و شازدەیەمی زایینـدا کـە بـە چاخـی رێنیسانس ناسراوە، فەلسەفەی ئەم مەیلە بریتییە لە پارێزگاریکردن لە پیرۆزیی مرۆڤ، ئەو بوونەوەرەی کە بۆتە قوربانیی فیکرە دواکەوتووەکان بە درێژایی مێژوو، هەرچەندە ئەو مەیلە ماددییەو هیچ ئایینێکی تێدا نییە، بەڵام مەبەست لە دامەزراندنیدا بریتییە لە وەستانەوە بە هەموو توانایەك دژی تاوانە ناڕەواکانی دژ بە مرۆڤ بە ناوی ئایین و ئایینزا و فیکری مرۆیی، هەروەها لەپێناو بەردەوامبوون لەسەر ئەم رێبازە کە مرۆڤ بە تێڕوانینێکی پیرۆزبوون سەیردەکات، نەك بەو مانایە کە بەبیری مرۆڤدا دێت، بەوەی کە پیرۆزەو هەڵە ناکات و رەخنە ناگرێت، بەڵکو بەو مانایەی کە نەبێتە قوربانیی ئایدیۆلۆجییەتە توندڕۆییەکانی ئایین، قوتابخانەیەکی دیکەش پەیدا بوو کە هەوڵدەدات ئایین بکاتە بنەما لە رووی مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤدا، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز لەو سێ قوتابخانەیەی باسمان کردن، ئەویش قوتابخانەی سۆفیگەرایییە Mysticism ئەوەیان هەوڵدەدات ئایین بگۆڕێت بۆ ئەزموونێکی رۆحیی تاکەکەسی بۆ چاککردنی کۆمەڵگەکان، کە دوچاری شەڕو ستەم و چەوسانەوە بوون، لە پەیامەکانیاندا فۆکسیان کردۆتە سەر یەکێتیی ئایین نەك لەبەر ئەوەی کە ئایینەکان یەك ئایینن، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەموو ئایینەکانی مرۆڤ بۆ پەرستنی خودا دەبەن، بنەمای ئەو پەیانە سۆفیگەرایییەش بریتییە لە خۆشەویستی، خۆشەویستی لای ئەو قوتابخانەی بنەمای بنیادنانی پەیوەندیی ئاشتییە لە نێوان ئایینەکان و پەیڕەوکارانیاندا، ئەم بنەمایەش بۆ رێگەگرتنە لە کەلتووری رق و کینە کە قوتابخانە نەریتییە توندڕۆکان وەك ژەهر بڵاوی دەکەنەوە، بۆیە زانای سویسریی لاهوتی ئایین هانز کونج Hans Kung دەڵێت: ئاشتی لەنێوان نەتەوەکاندا نابێت، ئەگەر ئاشتی لەنێوان ئایینەکاندا نەبێت، هەروەها ئاشتیش لەنێوان ئاییەنەکان نابێت.

«There will be no peace among the nations without peace among the religions، there will be no peace among the religions without dialogue among the religions».

ئاشتیی نێوان ئایینەکان بناغەی ئاشتیی گەلانە، قوتابخانەی سۆفیگەراییش لە هەموو ئایینەکاندا ئەم درووشمەیان بەرزکردۆتەوە، ئەم قوتابخانەیە توانی ئەم پرەنسیپە بچەسپێنێت. لە فەلسەفەی سۆفیگەرایی هیندیدا دەبینین کە شانگارا دەڵێت: (لە هەر پەرستگایەکدا بتەوێ خوا بپەرستە، یان لەبەردەم هەر خواوەندێکدا بێ جیاوازی)، لە ئیسلامیشدا حەللاج دەڵێت: (دەزانم کە یەهودییەت و مەسیحییەت و ئیسلام و ئایینی دیکە نازناوی جوداو ناوی جیاجیان، مەبەست لەوانەش ناگۆڕێن و جیاواز نابن)، ئیبن عەرەبیی ئەندەلووسیی فەیلەسووفی سۆفیگەرایی دەڵێت: (ئاگاداربە پابەند بیت بە گرێبەستێکی دیاریکراو، بیر لە هی دیکە نەکەیتەوە، دوایی خێری زۆرت لەدەست دەچێت، تەنانەت ئاگات لە راستیی شتەکە وەك خۆی نامێنێت)، خوای گەورە دەفەرموێت: (فأينما تولوا فیم وجە اللە)، ئەوانەی ئەو تیۆرەیان پێ باشە بریتین لە ئەبو سەعید ئەبو خێر سۆفی، هاوڕێی ئیبن سینای فەیلەسوف و ئیبن فارز و عەبدولکەریم گەیلانی و جەلالەدین رۆمی کە دەڵێت: (موسڵمانم من، بەڵام من مەسیحی و بەرهەمی و زەردەشتیم، پشتم بە تۆ بەستووە، ئەی حەق لە سەرەوە، لێم دوور مەکەوە، تەنیا یەك پەرستگام هەیە، مزگەوتێك یان کەنیسەیەك یان بتخانەیەك). فەیلەسووفە سۆفیگەرەکان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی ئەم فەلسەفەیە کە بەرنامەکەی لە خۆشەویستییەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەبو حامد غەزالی دەڵێت: (هەموو شتە چاکەکانی ئایین و بەهاکانی رەوشت بەری خۆشەویستین، ئەوەی خۆشەویستی بەرهەمی ناهێنێت، بریتییە لە پەیڕەوکردنی حەز کە ئەویش بێ بەهاترینی رەوشتە)، جەلالەدین رۆمی دەڵێت: (چەندین رێگە هەن بۆ ئەوەی بگەیتە خودا، منیش بۆ ئەوەی بیگەمێ خۆشەویستیم هەڵبژارد.) بۆیە خۆشەویستی لای ئەو قوتابخانەیە- واتا سۆفیگەرایی- سەرەتای ئاشتییە، ئاشتییش لە هیچ شوێنێك نایەتەدی ئەگەر مرۆڤ بە بوونەوەرێکی پیرۆز سەیر نەکرێت، چونکە هەر ئەوە کە ئاشتی دروست دەکات، ئاشتیی راستەقینەش لەنێوان پەیڕەوکارانی ئاییەنەکاندا دێتەدی، کاتێکیش دێتەدی، کە لەنێوان گەل و نەتەوەکان بێتەدی.

**کەموکورتییەکە لە خودی ئاییندا نییە، ئایین سرووشێکی خودایی بێخەوشە و گومان لە راستی و راستەقینەییدا نییە، بەڵام کەموکورتییەکە لەوانەدایە کە خۆیان بە وەکیلی خوا لەسەر زەوی دەزانن**

**سۆفیگەرایی، سەرەتای ئاشتییە، ئاشتییش لە هیچ شوێنێک نایەتەدی ئەگەر مرۆڤ بە بوونەوەرێکی پیرۆز سەیر نەکرێت**

**لەو شەڕەی کە کاسۆلیک دژی پرۆتستانتی زێدەڕۆی چاکخوازی بەرپایان کرد، ١٦٠ هەزار کەس کوژران، لە ئیسلامیشدا دەریایەک خوێنمان بینیوە کە بەهۆی قاعیدەو داعشەوە رژان**